# چەند رایەڵێکی شیعریی (نیزامی گەنجەوی) و (مەحوی)

د. محمەد ئەمین محمەد نوری ئەمین
زانکۆی سلێمانی
بەشی کوردی

لە جیهانی شاعیراندا گەلێك رایەڵەی هاوبەش هەن، کە بەپێی شێوازو جۆری فۆرم یا چوارچێوەی شیعرەکە جیاوازییەکان دەردەکەون، زەوقو سەلیقەو هێزی شاعیران رۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە بەکاربردنی زاراوەکاندا لە ژێر کاریگەری ئەزموونو تاقیکردنەوەی شاعیراندا، کە بەوێنەو دەربڕینە جیاوازەکان دەخرێنەڕوو.

هەربۆیە تەواوی جیاوازییەکان لە نێوان یەك بابەتدا رەنگدەدەنەوە، کە هەڵقوڵاوی ئەزموونو ناخەکانی نووسەرن، سعاد حکیم دەڵێت:

((لا یمکن معرفة ما ینتج عن الذوق الا بالذوق، وهي حالة تصعب ترجمتها بدقة کافیة، وإنما من الممکن مقاربتها، وتلك هي المسافة الفاصلة عند الفنان المبدع)).

هەروەها ابن عربی لە فتوحاتی مەکییەکەیدا دەڵێت:

((الذوق أول مبادئ التجلي... بأنه أول وأهم مبادئ استجلاء النص))[(١)]

فرەنیشاندانی زاراوەکان بە شێوازی جیا بەو شێوەیەی کە لایەنی ژیانی جیهانی رۆحانی دەخوازێتو بەپێی تێڕوانینی هەریەکەیان بۆ ژیانو ئاین بوون بە گرتنەبەری رێگاو شێوازی بنەماکانی تێڕوانینی شاعیران، کە هەر شاعیرەو وێڵی چنینی تایبەت بە خۆیەتی لە بازنەی فەرهەنگی مەعریفی خۆیدا، کە تەوەرەی هەموو ئەمانە کۆمەڵە دەستەواژەیەکن سەرچاوەکەی (قورئانی – فەرمووده)کانن و ئەزموونی شاعیر بە شێوازێکی فەلسەفیانەو لە چوارچێوە زانستە کەلامییەکاندا دەیانگونجێنن.

شاعیرانی رێبازەکان زاراوەکانیان لە خولگەیەکدا سەرچاوە دەگرن، کە بە ئاسانی پەی بە ناوەرۆکەکانیان نابرێت، دەرەنجام راڤەو تێڕوانینەکان کایەی جیاواز بەرهەم دێنن، لێرەوە جیهانبینیو بلیمەتی شاعیران دەخەملێنو دەبنە خاڵی جیاکەرەوە لە نێوان سنووره هاوبەشەکانی رێبازەکانو زاراوەکاندا.

ئەگەر وردبینەوە دەبینین هەندێك تێڕوانین بۆ دەقی شیعرییو زاراوەکان تەنیا لە چوارچێوەی ناساندنی رێبازێکدا لێکدەدرێنەوە، تێڕوانینی فراوانتر بۆ دەقەکان بازنەیەکی فراوانتری بیرە فەلسەفییەکانی رێبازەکانە بەگشتی، کە زاراوەو دەستەواژەکان تا ئەندازەیەکی زۆر سەرچاوەیان یەکەو تەنها وێنەو دەربڕینەکان دەبنە چەقی راڤەکردنو هەڵهێنجان، بەمەش سنوورێکی داخراو لە نێوان بەکارهێنانەکاندا پێکدێتو بونیاتێك یا پرۆسەیەکی بەئاگای خاوەن دەق دەخوڵقێت، ئەمەش سەرەتاکانی میکانیزمەکردنی دەقئاوێزان لە نێوان

---

(١) ئینتەرنێت، ویکیپیدیا، الموسوعة الحرة.

خودی بونیاتەکانەوە چەکەرە پێدەکاتو پەرەپێدانی دەقەکانو وشەکانو سنوورێك لە جیهانبینی دەخوڵقێنن کە دەلالەتەکان دەبنە تێگەشتنێکی نوێ لە پێکهاتە هاوبەشەکاندا، لە ئەنجامدا کشانێك لە ئاگاییو بیر دەبنە هەوێنی تێکئالانی زاراوەکانی جیهانی سۆفیگەری.

هەر هونەرێك، زانستێك لە هونەرو زانستەکان وەك (ئەندازیاری، فەلسەفە، ........، ........)، خاوەن زاراوەی تایبەت بەخۆیەتی، کەسانی قاڵبوو بە ئەزموونی ئەم بووارانە نەبێت ئاسان نییە بتوانێ پەی بە ئامانجو مەبەستەکانی بەرێتو بەدەر لەمانە لێکدانەوە تێدەپەڕێنێتو دەچێتە خانەی (تأویل)ەوە، کە لەوانەیە تەواو پێچەوانە یان بمانبەنە دەرەوەی مانا هەستییەکانی دەقەکان، هەر بەمشێوەیە رێبازو زاراوەو دەستەواژەکانی جیهانی سۆفیگەرێتی کارێکی ساناو ئاسان نییە، تێگەشتن لەو جیهانە قوڵبوونەوەو قاڵبوونی پێویستە، چونکە وەك خۆیان دەڵێن ئێمە کۆمەڵێکین سەیرکردنی کتێبو بەرنامەکانمان جگە بۆ کەسانی سەر بە رێبازەکەمان رەوا نییە، لەمبارەوە شێخ عەبدولوەهاب شەعراوی دەڵێت ((سمعت سيدي عليا الخواص يقول، إياك أن تعتقد يا أخي إذا طالعت كتب القوم، وعرفت مصطلحهم في ألفاظهم إنك صرت صوفيا))[1].

لێرەوە دەردەکەوێت تێکەلاوی زاراوەکان رایەڵی هاوبەشن لە نێوان تەواوی رێبازەکاندا لە سەراسەری جیهاندا، کە بە جیاوازی ئێتنیکی گۆڕانی بەسەردا نایەتو ئاسمانی هەر هەمووشیان رایەڵە هاوبەشەکانی ئەو جیهانەیەو بە چەندین ماناو لەژێر جۆرەها جەتردا خۆی حەشارداوە، وەك:

أ- زاراوە گشتییەکان: گەشت، حەج، کۆچکردن، سلوكو سالك، مقامات، گەشتن بە ئامانج، معراج.

ب- زاراوە تایبەتەکان: ئەزموون، روئیا خەواتر، هەواجس.

ج- ئەو زاراوانەی تایبەتن بە رێبازەکان: الاحسان، الإرادة، الفيض، جذبة، حقيقة الحقائق، شێخو مریدو قطب، یەکیەتی مرۆڤەکان، .... هتد.

ئەگەر لە ئەدەبی نەتەوەکان بڕوانین، دەبینین لە نێوانیاندا چەندین رایەڵی هاوبەش هەن لە یەك کاتدا، بەخشندەو وەرگریشنو لێرەوە بناغەی ئەدەبێکی پتەوو راستەقینە بونیاد دەنرێتو لە دوا دەرهاویشتەیدا ئەدەبێکی جیهانی پەیوەندیدار دێتە کایەوە.

مێژووی هەر نەتەوەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە، کاتێك ئەم مێژوو تایبەتمەندییانە تێکەڵی مێژووەکانی تر دەبنو لە ئەنجامی کارلێكو جەمسەرەکان هێڵێکی نوێ لە پەیوەندی نوێ دەخوڵقێننو سەرچاوەیەکی جیهانی بۆ ئەدەبو نەتەوەکان لە بونیاتێکی مرۆڤایەتیدا دەستەبەر دەکەن، ئەمەش لە چەندەها رێگەوە دروست دەبێت وەك (ئابووری، دا گیرکاری، رۆشنبیری، وەرگێڕان)...

دێرەك کۆستەر دەڵێت: ((ئەدەبە گەورەکان یەکتر تەواو دەکەن، بۆ دروستکردنەوەی وێنەی مرۆڤ، دەبێت هەردەم پێویستی خەڵك جێبەجێ بکەین))[1].

بۆیە رایەڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەدەبەکان یەکتر دەوڵەمەند دەکەن، بێ ئەوەی هیچ یەك لەم ئەدەبانە خەسڵەتو مۆرکی نەتەوایەتی خۆی ونبکات، بەڵام هەر هەمووشیان بەهرەکانی یەك هەڵدەمژنو بەرگێکی نوێ

---

[1] ئینتەرنێت، ویکیپیدا، الموسوعة الحرة.

[1] کلود بیشوا، اندریە میشیل روسو، الأدب المقارن، ترجمة الدكتور رجاء عبدالمنعم جبر، مكتبة دار العروبة، الكويت، ١٩٨٠، ل ٣٨، هەروەها عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل٣.

لە ئەدەبی جیهانی پێشکەش دەکەن، ئەدەبێك جوانترو قوولتر لە ئەدەبە نەتەوەییەکە، کە تەواوی کەموکورتییەکانی ئەدەبە نەتەوەییەکان دەشارێتەوە، ئەم رایەڵە یەکەیەکی گشتگیرترو هەمەلایەنتری ئامانجدار پێشکەش دەکات‌و سنوورەکانی باو تێدەپەڕێنێت، درایدن دەڵێت: ((هونەرمەند هەوڵی خوڵقاندنی جوانتر لە ژیان دەدات، چونکە ژیان خۆی جوانە))[٢].

بەمشێوەیە ئەفراندن لە بونیاتی ئەدەبی نەتەوەییدا لەدایکدەبێت، هەربۆیە بونیاتی شیعری هەژاندنی سۆزی کەسانی ترەو هەر بەمشێوەیە شاعیر پەیامەکەی دەبێتە بیرێك‌و بەرەو ئەوانیتر گوزەر دەکات، بەمەش ئەزموونەکان دەبنە رایەڵی هاوبەش بۆ بونیاتنانێکی فراوانتر لە دەرەوەی بازنەی نەتەوایەتی.

لێرەوە سروشتی شیعر پێناسەیەکیتر لە بازنەیەکی فراوانتردا لەخۆ دەگرێت‌و بەمەش جیهانی شیعر لە جووڵەیەکی بەردەوامدا دەبێت لە نێوان سنوورەکاندا، کەواتە هێزی شیعرە سنوورەکان دەبەزێنێت‌و رایەڵەکانیشی شتە هەستپێکراوە هاوبەشەکانە، ئەمەش سەرەتایەك بۆ بەیەکداچوونی دەقەکان واتە (Inter text)، لێرەوە دەقەکان یەکتر لەباوەش دەگرن، تۆدۆرۆف دەڵێت: ((دەقئاوێزان دیالۆگی دەقە جیاوازەکانە لە ناو یەك دەقدا))[٣].

هەرواش دەبینین چەند دەقێك لە سنووری نەتەوایەتیدا دیالۆگ لەگەڵ دەقەکانی تردا دەکەن‌و سنوورێکی هاوبەش لە واتاو خوێندنەوەی نوێ دەبەخشنە بونیاتەکان.

تەواوی دەقەکان خاوەن واتایەکی بێلایەن نین‌و تێڕامان لەو دەقانە دەمانپێچنە نێو تۆڕێکی تێکئالاوی دەقەکان، کە دەرەنجام رایەڵەکان دەبنە بنەمای راڤەو دیاریکردن‌و دۆزینەوەی ماناکان لە چوارچێوە گشتییەکەدا. لەسەر ئەم بنەمایە پەیوەندی‌و ماناکان لە نێوان دەقە جیاوازەکاندا پەیدادەبن‌و دەقەکان سەربەخۆیی واتایی خۆیان لەدەست دەدەن‌و تۆڕێکی فراوانتری دەقە تنێکئالاوەکان دێنەکایەوە، بەڵام هیچکام لە دەقەکان تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانی خۆیان لەدەست نادەن‌و، فردینان دی سۆسیۆریش جەخت لەم لایەنە دەکاتەوە کاتێك دەڵێت: ((لیس في اللغة سوى الاختلافات))[١].

دەبینین چەندین رایەڵ کەرەستەی هاوبەشی شاعیرانن وەك (رووداوی مێژوویی، ئەفسانە، دەقی ئایەت‌و فەرموودەکان) کە هەریەکەو بەپێی سەلیقەو دەسەڵاتی شیعری خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، کە لە کۆتاییدا ئەم رایەڵانە هاوبەشییەکی زۆر لە نێوانیاندا دەبینرێت، کە هەر شاعیرەو بە بنەمای جیاواز وێنەی هونەری‌و ناوەرۆکی جیاواز دەکاتە هاوبەشی رایەڵی پەیوەندی لە نێوان دەقەکانی تری هاوشێوەی زمانێکی تردا بە تایبەت لە بوواری سۆفیگەری‌و عیرفانیدا، کە ئەمە خەسڵەتێکی دیاری شاعیرانی بوواری عیرفانی رۆژهەڵاتە.

بەردەوام ئەدەبی نەتەوایەتی لەژێر گوشاری ئەدەبە باڵادەستەکاندا ناڵاندوویەتی‌و هەمیشە گەردی ئەوانی لەسەر نیشتوە، بەڵام لەگەڵ هاتنەکایەی راڤەی بونیەویدا بۆ ئەدەبەکان، ئەوا گەردی ئەدەبە باڵادەستەکانیان لەخۆیان تەکاندو نووزەیان وەبەرهاتەوە، ئەمەش خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ دەرکەوتنی زیاتری

---

[٢] سکوت جیمس، صناعة الأدب، ترجمة هاشم الهنداوي، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٦، ص ١٢٤.

[٣] د. شنۆ محەمەد مەحمود، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٢٥.

[١] جراهام الان، نظرية التناص، ترجمة د. باسل المسالم، الطبعة الأولى، دار التكوين والنشر، دمشق، ٢٠١١، ص ٢١.

هـەموو ئەدەبـەکانو هـەر ئەمەشـە تایبەتمەندییـەکانی بیری بونیـەوی، کـە ئەمـەش زیـاتر لـە دەرەوەی سسـتمی رەخنەییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش بیروڕاکانی کەسانی وەك رۆلان بارتە[٢].

بەمپێیە هیچ کارێکی ئەدەبی بنەڕەت نییە بۆ ئەوانیدی، بەڵکو هەر ئـەدەبێك کۆمەڵە دەربڕینێکی جیاو سـەربەخۆن، لێـرەدا کـاری رەخنــەیی پۆڵێنی سسـتمە تێکئاڵاوەکـان دەکـات لـە چوارچـێوەی سسـتمێکی داخـراوی فراوانتردا، لێرەوە ژانرەکان دیاریـدەکرێنو نووسـەر لێـرەوە گرنگـی خـۆی لەدەست دەداتو بەرهەمەکـەی دەبێتـە نوێنەری راستییەکانو رووداوەکان. ئەمەش بەشێکە لە بیرکردنەوەکانی جینیت کە دەڵێت: ((ان ثمة إرتباك عام بين الانماط والاجناس الأدبية، لأن الأجناس الأدبية هي فئات أدبية أساساً.. على الأقل جوانب من اللغة))[١].

لێـرەوە بۆمـان دەردەکـەوێت دەقـەکان لـە جووڵەیـەکی بەردەوامـدان لـە بونیـاتی دەقئاوێزانـدا، چـونکە دەقـەکان بەیەکداچـوو تێکئـاڵاونو ئەمــەش بەرهــەمێکی گشــتگیرترو شارســتانیتر دەخولقێنێــت، هـەر ئەمــەش وایکردووە کە جولیا کریستیڤا بڵێت: ((دەقئاوێزان کۆچی دەقەکانەو تێکەڵاوبوونێکی دەقئاسایشە))[٢].

دەقئـاوێزان پەیوەنـدی کـارە ئەدەبییەکانـەو ئالیـەتێکی گـرنگو روونـی خوێندنـەوەی ئەدەبەکانـە، کـە هەریەك بەرهەمهێنانی مانایەکی تایبەتن یا هەریەکەیان دەلالـەتێ یـان واتایـەك بەدەسـتەوە دەدەن، کـە دەرەنجام هاوبەشییەك لـە چوارچێوەیەکی گشتیدا بەرهەمـدێنن دوای ئـەوەی هەریەکـەیان لـە خولگـەی نەتـەوەیی خۆیـدا خاوەن واتای جیاوازن لە هاوبەشەکەدا، بۆیە (جیرار جینێت) دەقئاوێزان بە بـوونی هاوبەشـی دوو دەق یـان زیـاتر دادەنێتو دەڵێت: ((ناتوانین بەبێ شوێنەواری دەقـی کۆن بنووسـین))[٣]. ئـالێرەوە هاوبەشـەکان دیاریدەکـەین بـە نموونەی – نیزامی گەنجەوی – مەحوی.

نیزامـی گەنجـەوی لـە تـەواوی بابەتـەکانی شـیعریدا نـاوەرۆکی بـەرزو پڕبایـەخی خسـتووەتە بەردەسـتو ئەمـەش بـۆواری بـۆ فەرمانـدان بەسـەر ئـەزموونی ئـەم شـاعیرەدا رەخسـاندووە لـە دەرەوەی جیهـانبینی ئـەودا، دەرەنجامی ئەمەش نیزامی ئەو عابدە راوەستاوەی قاپی ئیلاهییـە کـە دەسـتەوئەژنۆ چاوەڕوانی بـەزەییو سۆزو بەخشینی خودابیە، یـا وەك عارفێك پشـتی کردبێتـە دونیـای رۆشـنو توێشووهەڵگری ژیـانی نـەبڕاوەی جیهـانی ئـەودیو، لێرەوە رووبـەرو پانتـایی جیهـانی شـیعری نیزامـی بـێ سـنوورەو فرەئاراسـتە، بابـەتو رایـەڵێکی شـیعری نیزامی کە عیرفانییە دەخەینەڕوو:

| | |
|---|---|
| بسـم الله الرحمن الرحيـم | هسـت كليد دو گنـج حكيـم |
| خاتمەی فكرتو ختم سخن | نام خدا يست، براين ختم كن[٤] |

نیزامـی ستایشـی خـوای گـەورە بـە فەنتازییـەك دەخاتـەڕوو کـە خـاڵی نییـە لـە ئامـاژە فەلسـەفییە عیرفانییەکان، سـتایش سنووری بەنـدەکان تێدەپـەڕێنێت بـۆ سنوورو رووبـەرێك کـە توانـای بەنـدەکان سـڕدەکات، لێرەدا بەستنەوەیەکی لۆژیکی نێوان (بسم الله و ستایش) بنیات دەنرێت لـە سنووری بـاڵاتری مرۆڤـەکان، ئـەوەش

---

(٢) جراهام الان، نظرية التناص، ترجمة د. باسل المساطة ، الطبعة الأولى، دار التكوين، دمشق، ٢٠١١، ص ١٣٠.

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦.

(٢) د. شنۆ محەمەد مەحمود، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوە، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٢١.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

(٤) د. بهروز ثروتيان، نظامى گنجه اى، مخزن الأسرار، چاپ سوم، چاپخانه سپهر، انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٩١، ل ١٣.

تەنها خودا خۆیەتی کە توناکان لە خۆیدا قەتیس دەکات، وەك پێغەمبەری خودا دەفەرموێت: ((لا احصی ثناء علیك انت کما اثنیت علی نفسك))..، لێرەدا مرۆڤەکان ملکەچبوونو کڕنووشبردن دەکەنە ئاتاجی گەشتن بە ناسینی خودا، هەرچەندە عیرفانییەکان خودی خودا دەکەنە سەلماندنو بەڵگە بۆ ناسینی خوداو رستە ناودارەکەی عیرفانییەکان بنەمای بۆچوونەکانیانن لەم بابەتەدا کە دەڵێن (ما عرفناك حق معرفتك))، شاعیر راناوەکان پەیوەست بە (سخن، پیشین، والسلام)و هست بە ئامرازەوە دەکات، مەولەوی کودردیش زۆر بە بەرزی ئەم راستییە دەخاتەڕوو:

هەر خۆتی بۆ خۆت بورهان، دیتر بەس

بەشی خۆی تێکەڵ ناوێ بکا کەس[1]

لێرەدا مەولەوی بەڕوونی پەردە لەسەر ئاماژەکان بەرەو حەقیقەتەکان هەڵدەداتەوە، چونکە هێزی سنووردارو بڕاوەی مرۆڤەکان لە دەرخستنی راستییەکاندا پەککەوتەن، خوداو ناسینی خودا (واجب الوجود) بە واتای عیرفانییەکانو لەسەر ئەم بنەمایە خودا خۆی هەڵگری رووبەری پێناسەکانی خۆیەتی.

نیزامی دەڵێت: پیش وجود همه آیندگان پیش بقای همه پایندگان[2]

لێرەدا نیزامی هەموو مانا ئیستیدلالییەکان دەخاتەڕوو بە جۆرێك ئیمانە کەشفیو شهوودییەکان دەسەلمێنێتو مەیدانی واتایی خوناسین دەکاتە پایەو درکەیەکی دەرنەبڕاو کە خودایە دەخاتە چوارچێوەی تێگەشتنو هۆشەوە.

لێرەدا مەودای ناسینی پەروەردگار دەچوێنێ بە بیابانێکی بێ پەی کە هێزی هۆشو عەقڵ لەم چوارچێوەدا چەقی بیکردنەوەو دەربازبوونە، یانی هۆشو تێگەشتن دەبنە بنەما بۆ ناسینی زاتی ئیلاهی، نیزامی هەرچەندە چوواندنەکەی لەژێر باری نادیاریدا هێشتووەتەوە، لە بەرامبەردا عەقڵو تێگەشتن دەکاتە پێوەر بۆ ئاشکراکردنی چوواندنەکەییو مرۆڤیش لە ئاستێکی بەرزی ناسیندا دەخاتەڕوو، ئەمەش خاڵی پەیوەستنە لە نێوان خوداو مرۆڤەکاندا، نیزامی بەرزی ئەندێشەی لە نیشاندانی جەدەلیەتی نەبڕاوەی ئەهلی ئیماندا دەخاتەڕوو لە نێوان روانگەی مەعریفەت کە بە (نظر) ناودەبرێو (حسیات)دا، کە ئەمەش جەدەلیەتێکی فرە ڕەهەندە لە عەقڵو بۆچوونی زانایانی ئەهلی عیرفاندا، هەر ئەمەشە نیزامی ڕەهەندە عەقڵییەکانی لە سەرتای ناوی خودادا ئاشکرا دەکاتو دەستپێکی نووسینەکانی بە ناوی پیرۆزی خودا بە گشت ڕەهەندەکانیەوە دەخاتەڕوو.

مەحوی شاعیریش لەم رووەوە دەڵێت:

مەسئولە ئیعانە لە وەهابی موستەعان

هەر لەو دەکەم سوئالو، دەکەم حەمدی ئەو بە جان[1]

---

(1) بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە، مەولەوی، زوبدەی عەقیدە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢.

(2) د. بهروز ثروتیان، ل١٣و ٢٣.

(1) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسو محمدی ملا کریم، دیوانی مەحوی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفسێتی حسام، بەغداد، ١٩٨٤، ل ٣٦٧.

تەرزێکیتر لە ئەندێشەی خواناسین لە فەرهەنگی عارفاندا لە مەحویدا بەرجەستە دەبێت، لێرەدا مەحوی بنچینەو پایەی یەکەم لە ئیسلامدا کە باوەڕبوونە، بە تەوژمێکی بەهێز، گەردەلوولی ئیمان لە خوددا بەرجەستە دەکاتو سروەی نەسیمێك لە پەیوەندی لە نێوان خوداو بەندەدا جاڕدەداتو هەر وشەو ئاکارێکیتر کە پەیوەندی بە غەیری پەروەردگارەوە هەیە لە ناخیدا دەردێنێتو بەم چەشنە مەحوی بێ دوودڵی خۆی غەرقی دەریالووشی یەکتایی (توحید) دەکاتو ئەمەش سەرەتای فەنابوونو تواندنەوەیە لە یەکتاییدا، ئەمەش نیشاندانێکی بەرزی وتەی بەرزی عارفانە کە لە وشەی (ما سوی الله)دا دەردەکەوێت، کە مەحوی یەکتاپەرستی دەکاتە درکەیەكو لە ناواخنی دەقەکەیدا دەیتوێنێتەوەو بەمەش هەموو گەردو غوبارێك لە دڵیدا دەشواتەوە، هەروەها هەڵهێنجانی ئاماژەیەکی نەدرکاویتر لەو دەقەدا بەدیدەکرێ، کە کرۆكو جەوهەری ئیمانە، وشەو دەستەواژەی (هەر لەو) لە دەقەکەی مەحویدا ئاماژەیەکی بەرزی نەدرکاوی لێدەکەوێتەوە کە نیشاندانی خودا بەیەك ناسینەو نیشاندانی گرێبەستێکی رۆحیو لەفزییە لە نێوان پەروەردگارو مەحویدا کە لە وشەی (لا الە الا الله)یە.

دووبارە مەحوی دەڵێت:

غەیری نیە، بە عەینی موسەمما بزانە ئیسم
(با سبح اسم) قەومی موعانید بکەن رەوان

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێت:

((کە ناوی خوات بیست، بزانە مەبەست ناوی خودایە، چونکە ئەو حوکمو سیفەتانە لەگەڵ ئەودا باس دەکرێن))[1].

مەحوی لێرەدا ئاستێکیتر نیشاندەدات کە دەربڕینی نەفسییە، واتە نیشاندانی سیفەتێکە کە لە زاتی پەروەردگاردا راوەستاوەو دەبینرێت، ئەمەش سیفەتێکە بە درکەیەك تواناکانی خودا بەرجەستە دەکات کە جگە لە خۆی لە توانادا نییە ئەو جۆرە سیفاتانە بدرێتە پاڵی، ئەمەش نیشاندانێکی بەرزی تێگەشتنی مەحوییە لە تەواوی بۆچوونەکاندا، مەحوی لە لایەك ئەهلی مەعریفەت دەکاتە بنەما بە واتا لە عورفی زانایانی ئوسووڵدا عەقڵو مەعریفەت بنەڕەتی تێڕوانینو تێڕامانن لە شتی زانراو بۆ شتی نەزانراو، دووبارە مەحوی ناسینی خودا کە (واجب الوجود)و سەرچاوەی تەواوی بوونەکانەو تەواوی بەڵگەکان لە زاتی ئەودا چەقدەبەستن، لێرەدا هەموو گومانەکان لە بەڵگە ئاسارییەکاندا دەڕەوێنێتەوە، بە واتا بیرکردنەوە لە خودا کە بەڵگەی ئاسارییە بەسە بۆ ناسینی پەروەردگار، بەڵام گوماندارو خاوەن دڵەڕاوکێیەکان لە دەرەوەی بازنەی باوەڕدا دەبینێو وشەی (سبح اسم) دەکاتە چەقی ناسینو لەبەینبردنی هەموو شكو گومانەکان، چونکە ئەوانە دوورن لە باوەڕی شهوودی، بەڵام کاتێك لەو وشەیە تێدەگەنو رەوانی دەکەن بە خەڵاتی ئەو باوەڕە دە گەنو پشت دەکەنە ملهووڕیو نەزانین، مەحوی مەعریفەت، ئاوەز دەکاتە خاڵی وەرچەرخان بۆ بیرکردنەوەو لێوردبوونەوە، بە واتای عەقڵ تەوەرەی سەرەکی هەنگاونانە بۆ ناسینی خودا کە دەلیلەو جیهان کە مەدلوولەکەیەتی، بۆیە عەقڵو هۆش خاڵی

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٤ —٣٧٥.

بیرکردنەوەیە بۆ بەدەستهێنانی مەبەستێك لە دوای بیرکردنەوەو تێڕامان لە واتای (وجود) کە بوونێکە تەواوی بوونەکان لەودا کۆدەبنەوە، ئەمەش دەبێتە بەڵگەی ئاساریو لە غەیری زاتی خۆی بوون رووی تێناکات، لێرەدا بکەر سنوورەکەی فراوانەو جیهانی گومڕاو شکدارەکانەو هۆش دەبێتە ناسینی بکەر لە ئاستی بیرکردنەوەدا، لێرەدا مرۆڤەکان لە ژێر چەتری قەدەردان کە ئەمەش لە موسەلەماتی باوەڕبوونە.

لێرەدا دەقئاوێزان لە بونیاتی رایەڵەکاندا بەیەکدەگەن لەژێر چەتری مەعریفەو قەدەردا، مانا دەلالییەکان لای هەردوکیان یەك ناواخنو مەبەستن، بەم شێوەیە هەردوکیان بەرهەمهێنەری دەقەکانیانن لە دەقانێکی واتاهاوشێوەی پێشینداو دووبارە بە داڕشتنێکیترو بە دوو زمانی جیهاواز لە چوارچێوەی یەك مەبەستدا خراونەتەڕوو کە دەقێکی سنووردارە (المقید)، جولیا کریستیفا دەڵێت: ((فالکُتاب لا یخلقون نصوصهم من عقولهم المبدعة، ولکن یقومون بتجمیعها من نصوص موجودة مسبقاً أي النص عبارة عن تعدیل النصوص الأخری))[1].

سوورەتی إخلاص رایەڵێکی تری هاوبەشی دەقئاوێزانی نێوان نیزامیو مەحوییە، کە تیایدا نیزامی هەموو عەقڵەکان پەکدەخات لە پەیبردنو درککردنی لە چۆنیەتی پەیدابوونی خالقداو لەمبارەوە نیزامای دەڵێت:

پای سخن را کە درازست دست سنگ سرا پردە او سر شکست

شاعیر لێرەدا درکەیەك دەخاتە نێو دەستەواژەکانەوە کە لە دەستەواژەی (سنگ سرا پردە)دا دەردەکەوێت، کە ئاماژەیەکی روونە بۆ پەینەبردن بە نهێنییەکانی سوورەتی ئیخلاس، لێرەدا رووبەری گومان لە بەڵگە هۆشیو عەقڵییەکاندا ئەسەری نامێنێو د. ثروتیان دەڵێت: ((حقیقت ذاتی باری تەتها از راە عقلو اندیشە قابل درك نیست، وهمو گمان نیز بدان پردە راە ندارد))[2].

نیزامی بیرمەندو شارەزا لە زانستە ئیسلامییەکاندا ئاماژەیەکی ناوائاخنانە بە باوەڕ دەدات کە ئەسڵی یەکەمی باوەڕهێنانە بە پەروەردگارو لێرەشەوە پەیوەستێتی نێوان بەندەو پەروەردگار چەکەرەدەکاتو دەخەملێو هەموو رێگەکانی گومان بە دڵی باوەڕدارانـدا دەبەستێتو لێرەشەوە سەرەتاکانی چوونە نێو دەریای یەکتایی بە جۆرێك کە ئەهلی باوەڕداران لە جیهانی تەوحیددا فەنابکات، پایەکانی غەرقبوونو تواندنەوەیە لە نووری پاکی ئیلاهیدا، چونکە ئەگەر (بسم الله) کە سەرەتای ناوی خوایە لە سوورەتی (اخلاص)دا ئەویش بە مانای کۆکردنەوەی تەواوی باڵادەستی پەروەردگارە لە خودی خۆیدا،و لێرەوە باوەڕ بە هەموو سیفاتە فیعلییەکانی پەروەردگار بەرجەستە دەبێت کە ئەمەش چۆکدادانە بۆ ئیمانی جەبری مرۆڤەکان.

نیزامی دیسانەوە دەڵێت:

راە بسی رفت ضمیرش نیافت دیدە بسی جوست نظیرش نیافت[3]

---

[1] گراهام الان، نظریة التناص، ص٥٥.

[2] د. بهروز ثروتیان، مخزن الاسرار، دفتر اول، ل ٧٧-٧٨.

[3] د. بهروز ثروتیان، مخزن الاسرار، دفتر اول، ل ٧٨.

لێرەدا قووڵی زمانی گەنجەوی ئاکارییەو بلیمەتانە دەستەواژەکانی خستووەتەڕوو، کە راڤەو هەڵهێنجان کارێکی دژوارەو ماندووبوونی دەوێت تا مەبەستەکان لە چوارچێوەی خۆیدا بناسینو بیانخەینەڕوو، راناو لێرەدا ونەو بۆ گەشتنو پەیبردن بە نهێنییەکانی وجودی ئیلاهی پەنا بۆ ویژدانو حوکمی دڵ دەبەین، د. بهروز ثروتیان دەڵێت: ((خاطرو باطن نیز او را نمی تواند بیابدو نیزهماننـدو همتایی برای اونمی توانـد ببینـدو ولم یکن له کفوا احدا))[1].

راناو لە نیوەدێڕی یەکەمدا بکەرەو (ش) بەرکارێکی روونەو پەیوەستە بە خوداوە لە ئاستی دەرنەبڕاودا، ئەمەش مانایەکی مەجازی بەهێزەو پێزێك دەبەخشێتە کۆی بونیادەکە، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا (دیده) بکەرەو وشەی (نظیر)یش دەبێتە بەرکارێکی دەربڕو (ش) نظیرش دەبێتە تەواوکەرو لە ئاستی واتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ زاتی ئیلاهی.

لە هەردوو نیوەدێڕەکەدا نیزامی راناوەکان لە خولگەی پەروەردگاردا دەسووڕێنێتەوە، لە هەمان کاتدا هەموو سیفەتە کەمالییەکان دەکاتە کۆڵەکە ئیمانییەکان، بە واتا جگە لە پەروەردگار کەس شایەنی پەرستن نییەو لێرەدا نیزامی زاتو سیفەتەکانی کۆدەکاتەوە.

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێت: ((دژایەتی لە زاتدا دەبێتە هۆی دژایەتی لە سیفاتدا))[2].

نیزامی دواتر جاڕی خۆی دەداتو بەڕوونی دەڵێت:

آنچه تغیر نبذیرد تویی وآنکه نمردەستو نمیرد تویی[3]

لێرەدا باوەڕهێنانو چۆکدادان لەژێر چەمكو چەتری جەبریدا کۆدەکاتەوە، کە لێرەوە سوورەتەکە هەموو خەوشە گوماناوییەکان لە باوەڕدا پەرت دەکاتو بە فەرمانکردن ئاراستەیەك لە نێوان باوەڕو گوماناو دیالۆگو ئاخاوتنێك لە نێوان ژیریو بیرکردنەوەدا بەرهەمدێنێت، کە سەرچاوەی فەرمانەکەش لە وشەی (قل)دا بەرجەستە دەبێتو هەموو سیفەتەکانی پەروەردگار لە زاتو سیفاتو کرداردا ئاکاری ئەو فەرمانەیە کە سەرچاوەکەی پەروەردگارەو لە سەرەتای سوورەتەکەوە ئامانجی کۆتایی دەخاتەڕوو.

رووبەرێکی واتایی تر لەم دەقەدا تەنهایی دەسەڵاتە کە مرۆڤەکان تێبگەن خودا دواپەنایەو هەموو هاوارو پەنابردنێك تەنها لەودا کۆدەبێتەوە، دەستەواژەکانی (تغیر نبذیرو انکه نمیرد) بوونەتە دۆخێکی مەعریفی واتە ناسراو کە لە یەك کاتدا ئاماژەیەو هەوڵدانە بۆ دالّدەی مرۆڤەکان. لێرەدا پەروەردگار چەقی ناسینو پەرستنە هەر ئەوە خاوەن سیفاتی ئەزەلیو بێ کۆتایی.

مەحوی شاعیریش دەڵێت:

دەبینیت (قل هو الله) خوێنەکانی کونجی مزگـــەوتان
رووەو سەحرا، کە دەبیەن وا سوراحی هاتەوە قولقول[1]

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٧٨.

[2] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، عەقیدەی مەرضیە، ل ١٣٠.

[3] د. بهروز ثروتیان، مخزن الأسرار، دفتر أول، ل ٨٧-٨٨.

[1] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ل ٢٠٥.

مۆتیفی خواناسیو حەزو ئارەزووەکان دوو جەمسەری گەرمی دژ بەیەك دەخولقێننو نیشاندانێکی مەجازی لە نێوان ئیمانو ئارەزوودا لە هەردوو دەستەواژەی (قل هو الله)و (هاتەوە قولقول) بەرجەستە دەکات. لێرەوە باوەڕو ئارەزوو و حەزەکان دوو ناوەرۆك دژنو ئاین دەبێتە رایەڵو هەردوو مۆتیفەکە لەژێر سایەی خۆیدا حەشاردەدات.

مەحوی زیرەکانە ئاکامی دوو دەستەواژەی دژ بەیەك بۆ ئاکارێکی ئیمانی دەخاتەڕوو، لە (قل هو الله) جگە لە فەرمانی یەکتاپەرستیو نیشاندانی زاتی پەروەردگار وەك (واجب الوجود) راڤەیەکیتر لەخۆ ناگرێو هەموو لێکدانەوەکانیتر لەمدا خاشدەبن، لە دووەمدا دەستەواژەی (قولقول) ئەمە نیشاندانێکی روونە واتە ئاشکراو بێ پێچو پەنایەو مانای ئەم روونیە بێ هیچ دوودڵییەك لە مانا دەقیەکەدا کە راڤەو لێکدانەوە هەڵناگرێ جگە لە (واجب الوجود) نەبێت ئەمەش پایەیەکی بەهێزی دەقە مەحکەمەکانە کە ماناکەی لە خودی خۆیدا دەردەکەوێت، ئیمامی غەزالی دەڵێت: ((محکەم ئەوەیە مەعناکەی روونبێتو بەجۆرێ ئیحتیمالو گیروگرفتێ رووی تێنەکات))[٢].

لە ئاستی یەکەمدا مزگەوت یەقینو روونەو ناسینی پەروەردگار، لە دووەمدا روویەکی ریاکاری دەبینرێ کە هەڵهێنجانو راڤەکردن مەودای لێکدانەوە دەدەنە دەستەوە، بۆیە دوو ناوەرۆك دژ دەبنە بنەمایەك بۆ نیشاندانی رەهەندەکانی دوو بابەتی بەپێز لە زانستەکانی راڤەو لێکدانەوەدا.

هەردووە دەقەکە لەڕووی ئاوێزانەوە نیشاندانو بینینی دوو میکانیزمی جیاوازە لە توێی یەك بابەتدا، کە هەردووکیشیان لە بۆتەی دەقئاوێزانی هاوواتاییدا کۆدەبینەوە چ لەڕووی مۆتیفو چ لە ڕووی شێوازو ناوەرۆکەوە، لێرەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێت کە دەقەکان بەردەوام لە جووڵەدانو پانتاییەکی واتایی زیاتر دەخەنەڕوو، بارت دەڵێت: (دەقئاوێزان دەرخستنو بەرزکردنەوەیە))[٣].

هەردوو دەقەکە لە بابەتدا یەکن، بەڵام لە ئاستی گواستنەوەو گوزارشتدا لێك جیاوازن، لێرەوە دەقئاوێزان نوێبوونەوەو فراوانکردنە لە رووبەری گشتی ماناکاندا لە یەك بابەتداو شێوازەکان دەبنە خاڵی بونیاتنانو جیابوونەوە، بە واتا گواستنەوەیەکە لە رابووردوو بەرەو ئێستاو ئەمەش دەبێتە ناسنامەو سەلێنەر بۆ جووڵەی دەقەکان لە رووبەرە جیاوازکانی زمانو کاتدا.

رایەڵێکیتر لە دەستەواژەکان بریتییە لە (اب خضر) (ئاوی خضرە)، نیزامی دەڵێت:

زهرەء میغ از دل دریا گشاد چشمەء خضر از لب خضر گشاد

نیزامی لێرەدا چواندنێکی بەرزی هونەری نیشاندەدات، کۆتا مەبەستی یەکتاییو خوای گەورەیە، مرۆڤ کاتێك دەچێتە نێو دەریایەکەوە هەورو تەمومژێکی ترسناك دێت کە هەموان لە لێواری مەرگ نزیك دەکاتەوە، ئالێرەدا خوای گەورە دەبێتە فریادڕەس، لێرەدا هەوری رەش وەك کیسەی سەفرا دەچوێنێ لە ئاستی مانا گشتییەکەیدا، رووی دووەمی خستنەڕووی مانایەکی فەلسەفیانەیە کە بۆ ئەو دەمە نیشاندەری عەقڵیەتی پڕ زانستیانەی نیزامیە ، کە هەوری باراناوی دەچوێنێ بە تەقینی کیسەی سەفرای زراوەوەو چەشمەی ئاویش لە سەوزاییەکی چیمەناویدا دەتەقێ، بە واتا لە دەریا هەورو لە مێرغوزاریشدا کانیاوەکان دەتەقن، هەروەك د.

---

[٢] عقیدەی مرضیە، ل ١٤٠.

[٣] د. شنۆ محەمەد مەحمود، دەقئاوێزان، ل ٢١.

بهروز ثروتیان دەڵێت: ((ابر را مانند زهرەو کیسەء صفرا از دل دریاو چشمەء آب حیات را از لب چمن سبز جاری ساخت، یعنی از دریا ابرو از سبزەدار چشمە روان کرد))[1].

لێرەدا درکەو چواندنەکان وادەردەکەن زەهرە میغ، ئیزافەیەکی چواندنەو (ابریش)ی بە کیسەی سەفرا چواندووە، دڵ مانایەکی مەجازی دراوەتێ کە ناوەڕاستو چە ڤی ئاوی دەریایە.

لە شوێنێکیتردا گەنجەوی دەڵێت:

خضر عنان زین سفر خشك تافت          دامن خود تر شدەء چشمە یافت

لێرەدا رۆشتنو گەڕانی خضر بە دوای ئاوی حەیاتدا بەفیڕۆ نەچووەو بە مورادی خۆی گەشتووە، لێرەدا چواندنێکی یا ئیحایەکی ئیمانی دەردەکەوێت لە نێوان پەرستنو ئامانجدا، باوەڕو بەهەشتدا، ماندووبوونو ئاکاردا.

هەروەها دەڵێت:

خضر سکندر منش چشمەرای          قطب رصد بند مجسطی گشای[2]

خضر لە سوپاکەی ئەسکەندەردابووەو کە بە ئاوی حەیات گەشتووەو دەریاوانیش بووەو هەڵگری هەمان ئەو ئامانجانەیە کە لە ئەندێشەی ئەسکەندەردا هەن، ناوهێنانی مجسط، کە زانیاری فەلەکناسی لەخۆ دەگرێو لەڕاستیدا ناوی کتێبەکەی بتلیمۆسی یۆنانییە، کە زانای ریازیات بووە لە قەڕنی دووەمی میلادیدا.

مەحوی شاعیریش دەربارەی ئاوی حەیات دەڵێت:

ئاوی (خضر)ە خاکی ئەو بەرقاپییە
دڕکی ئەو بەر دەرکە گوڵ، پۆشی گیا[1]

ئەفسانەی ئاوی حەیات کە ماکی جاویدانیو نەمری دەگەیەنێتو لە کەسێتی خدری زیندەدا بەرجەستە دەبێت، مەحوی دەیکاتە سەرەتاو نیشانی دەقەکەی کە لە ئاستی گشتیدا رووبەرو ماناکانی ئاو فرەڕەهەندەو لە توانادایە لە هێڵکاری جۆراوجۆردا هەریەك لەو رەهەندانە لە بونیاتی دیاریکراوی خۆیدا نیشانبدرێت، مەحوی لێرەدا بەستنەوەیەك لە نێوان ئاوو خاکدا دەخاتەڕوو، دیارە لەڕووی لۆجیکەوە مەحوی درکەیەك یا ناوپۆشێك بەرهەم دێنێت کە لە چوارچێوە عیرفانییەکەدا بە ساغلەمی دەیخاتەڕوو، ئاو لە رەهەندە تایبەتییەکەی دەقەکەدا لە مانای نەمری یا روونتر بڵێین هەوڵدان بۆ گەشتنە نەمرییە، دەپرسین نەمری لە چ ئاستێکدا لای مەحوی بەدەست دێت؟ لێرەدا ئاستی ئەو نەمرییە بە خاکەوە دەئاڵێنێت، ئەمیش دووبارە خوێندنەوەی جۆراوجۆر لەخۆ ەگرێ بە یارمەتی ناوپۆشی یار، لە خاکدا رەهەندی جاویدانی چەکەرەدەکات، ئەمە رەگەزێکی جەبری ئیمانییە کە مەحوی بە جوا نی بوردی واتایی خۆی تێدا گەیاندووە، ئەگەر لە رەهەندەکانی خاك لە مەحویدا سەرنج بدەین ئەوا لە مانایەکی تایبەتیداو لە دوو ئاستدا قەتیسی دەکەین، یەکەمیان (کلنا من آدم وآدم من تراب) کە ئەمەش لە قورئاندا بە رەهەندی جۆراوجۆر لە دیالۆگی شەیتانو پەروەردگارداو بەرچاو

[1] د. بهروز ثروتیان، مخزن الاسرار، چاپ سوم، چاپخانەء سپهر، تهران، ١٣٩١، ل ٣٦ + ٢٠٦. هەروەها شرح مخزن الاسرار، دفتر أول، ل ٦٣، هەروەها د. بهروز ثروتیان ، شرفنامە، چاپ دوم، چاپخانە سپهر، تهران، ١٣٩٣، ل ٤٢٩، ٧٩٥ — ٧٩٦ — ٧٩٧.

[2] شرفنامە بند ٥٨ هەروەها مخزن الاسرار، ل ٢٤٩.

[1] دیوانی مەحوی، ل ٣٩.

دەکەون، دووەم رەهەندی خاك دەبەستێتەوە بە ناوپۆشی یارەوە، کە دەکرێ ئەو خاکە لەڕووی ناوپۆشەکەیەوە گەشتن بێت بە یار، کە دەکرێ شادبوون بێت بە خاکی پیرۆزی پێغەمبەری خودا، یا بە خودی بارەگای ئیلاهییەوە، لە ئاستێکی نەدرکاوی تردا دەکرێ مەحوای خوداپەرستی بکاتە توێشووی ئەو نەمرییە کە چەقی ژیانی نەبڕاوەیەو ئەو توێشووە پردی پەڕینەوەی بێت بۆ بەهەشت کە لە کۆتا مەبەستدا ببێتە سەرچاوەی نەمریو خولدی ئەبەدی. پەرستن لە ئاستی واتاییدا کە پردی پەڕینەوەی بەرەو بەهەشتە رووبەری نەمرییەکان لە ئاکارێکدا کۆدەکاتەوە کە ئاوی حەیاتە، لە دوا مەنزڵدا بۆ گەشتن بە یار، عیبادەت دەبێتە ئاوی حەیاتو سەرچاوەی نەمری کە ئەمەش کۆتا ئامانجەکانە.

مەحوی دەڵێتەوە:

وەك خضر ئاوی حەیاتی فەیضی حەق عافێتیە

ئەو خودا پێداوە مەحوی تا سەحەر ناڵانە شەو[1]

سێبەرو تارمایی دەقەکەی پێشوو لێرەدا وەك مۆم رۆشنایی بەم دەقە دەداتو یەك رووبەرو پانتایی دەخولقێنن لە ئاستی واتاییدا، لێرەدا عارفێك دەدوێ کە کۆی ئامانجەکان لە یەك ئاکاردا کۆدەکاتەوە، یا تەواوی لاڕێیەکان لە شەقامێکی راستدا نیشاندەدات، کە هەر لادانێك لەدەستدانی تەواوی رووبەری ئامانجەکانە. ناڵینی شەو مۆتیفەو هاوواتای ئاوی حەیاتە، کە لێرەدا درکەیەك یا مانایەکی مەجازی خراوەتەڕوو، کە هەڵێنجانی ئامانجە دەرنەبڕاوەکەی لێوە بەدەستدێت ئەویش لە خەڵاتی گەشتنە بە پاداشتی خودایی کە لە وشەی بەهەشتتدا کۆدەبێتەوە، بە واتا شەونخوونی لە پەرستندا چوێندراوە بە ئاوی حەیات لە ئاستی یەکەمدا ئاوی حەیات لە نەمریو جاویدانی دنیای نەبڕاوەدا کە قیامەتەو رۆژی دوایی بەرجەستە دەبێتو لە ئاستی دووەمدا ئەو ئاوە سەرچاوەی نەمری دنیای رۆشنە، دووبارە شەوتاریکیو شەونخوونی هاوواتای چاڵی ئاوی حەیاتە کە گوایا لە قووڵاییو لە تاریکیدایە، بەمەش مەحوی نیشانەیەکی بەرزی ئەندێشەمان لە بەستنەوەیەکی هاوواتاییدا پێشکەش دەکات کە ئەمەش یاریکردنە بە دەلالاتە وشەییەکانو مرۆڤی لە وجودی ئیلاهیدا لە هەویر نەرمتر نیشاندەدات، کە کۆتا مەبەستی شاعیر دەرخستنی سیفاتە جەلالییەکانی خودای گەورەیە کە هەموو قودرەتەکان لە زاتی پاکیدا کۆبونەتەوەو جگە لە چۆکدادانو کڕنووشبردن چارەیە کیتر لە مرۆڤەکاندا ونو بێ ئاکامن.

خضرو ئاوی حەیات لای هەردوو شاعیر لە ڕووی دەقئاوێزانەوە جگە لە کارلێکی دەقەکان بەهۆی رایەڵە هاوبەشەکانیانەوە، ئەوا سەرەڕای کارلێکی دەقەکانو مامەڵەو گواستنەوە لە ماناو چواندنەکاندا، دەرەنجام جیاوازی مەدلولاتەکانیان دەبنە خاڵی جیاوازی لە بەرهەمهێنانی دەقداو ئەمەش تۆڕی پەیوەندی ئەدەبەکانە لە سنووری نەتەوەییاندا. بارت دەڵێ: ((هەموو دەقێك دەقئاوێزانەو دەقەکانی تری تێدا رەنگدەداتەوە بە ئاستی جیاوازی کە تێگەشتنیان زۆر گران نیە))[2].

[1] دیوانی مەحوی، ل ٦٣، هەروەها دەربارەی ئاوی حەیاتو خضر، بڕوانە ل ٢٩٨.

[2] دەقئاوێزان، ل ٤٣.

بەمەش چەمکی دەقئاوێزان لە شێوەی وەرگرتن‌و تێهەڵکێشکردن‌و ئاماژەپێکردندا بەرجەستە دەبێت‌و بەم چەشنە راکەی جولیا کریستیڤا دەبێتە ئاوێنەی راستییەکان کە دەڵێت: ((دەق سستمێکی زمانەوانی داخراو نیە))[1].

کەواتە دەقەکان بەڕووی یەکدا کراوەن‌و بەناویەکدا چوون‌و ئەمەش رەگ‌و ریشەیەکی مێژوویی دەقەکان لەگەڵ یەکدا دەسەلمێنێ، کە زەین‌و هۆشی خوێنەر دەبێتە هۆی راڤەو جیاکردنەوەیان، بۆیە لای هەردوو شاعیر مۆتیڤ یەکن‌و دەربڕینەکانی جیاوازن‌و لە هەمان کاتدا لەڕووی واتاییەوە تێکئاڵاون.

خونِ جهان در جگر گل گرفت نبض خرد در مجلس دل گرفت[2]

نیزامی لێرەدا بە ئەندێشەیەکی بەرزی زمانەوانی تێڕامانی مرۆڤ سەبارەت بە خولقاندنی خود پێشکەش دەکات، (جَهان) کە سەرچاوەکەی جهیدن، (جستن)ەو گەڕان‌و پشکنین دەکاتە مۆتیڤی بیرکردنەوەو تێڕامان، کە چۆن‌و لە چ بارێکدا خولقاوەو، هەروەها وشەی (جگر دل) کە خاکە دەکاتە چەقی تێڕامان‌و هاتنەبوون، بە واتا دروستبوونی مرۆڤ لە گڵەو دواتر تێزانی خوێنە بۆ ناو ئەو تەنە دروستبووە، بڕوانە چۆن دوای ئەوەی خوێن دەچێتە ناو ئەو تەنە دروستبووە (نبض خرد)مان دەخاتە بەردەست چۆن لێدانەکانی دڵ لە مەچەکدا دەگیرێ، بە گشتی نیشاندانێکی زانستی بەرز لە تەرزێکی ئەدەبیدا دەخاتە بەردەست کە لە ناواخناکانیدا عەقڵ دەکاتە تەوەرەو وەك شایەتحاڵێکی زیندوو تا لە دروستبوونی مرۆڤدا گەواهی خۆی بدات‌و لە ئەنجامدا ئەم دەقە دەمانباتە سەر سوورەتی ئەعراف کە دەڵێت: ((هو الذي خلقكم من طين)) وە یا سوورەتی المؤمنون ((ولقد خلقنا الانسان من سلالة من طين))[3].

بە گشتی عەقڵ دەبێتە زمانحاڵ‌و راڤەکەری نهێنییەکانی رۆح، لێرەدا شاعیر لە دڵەکاندا عەقڵەکان نیشتەجێ دەکات‌و تەواوی ئاکارەکانی لە سەری مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەمەش میکانیزم‌و نیشاندانێکی بەرجەستەی مادییە وەك شاعیر لەمبارەوە دەڵێت:

عقل که شد کاسهء سرجای او معز کهن نیست پزیرای او[4]

ئەمەش نیشاندانی راستەییەکی ئەهلی حەقیقەتە کە باوەڕیان وابووە کە (بوون، وجود) لە دڵەوە خۆی دەسەلمێنێ‌و کامڵبوون بەدەست دێنێت‌و ئەمەش راڤەکردنی رۆحە لە لایەن عەقڵ یا ئاوەزەوە، کەواتە عەقڵ پێشەنگی درککردن‌و راڤەی راستییەکانی جیهانی ئادەمییانی رێبازی حەقیقەتە، بە واتا جڵەوی تەواوی کامڵبوونەکان لە دەستی عەقڵدایە. کە ئەمەش لە دووتوێی دەقەکەدا مانایەکی ناواخن لەخۆ دەنگرێ کە لە وشەی نەدرکاوی (دروستبووندا) (تكوين) کە ئەمەش سیفەتێکی ترە لە سیفەتەکانی خوای گەورە کە سیفەتی ئیزافەیە بە مانای پەیوەندی خوای گەورە بە شتە بڕیارلێدراوەکانەوە لە خوڵقاندن‌و بووندا، شێخ ئەبو

---

(1) هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.

(2) دکتر بهروز ثروتیان، شرح مخزن الاسرار، دفتر اول، ل ٧٣-٧٤.

(3) قورئانی پیرۆز، ل ١٥١و ٣٤٢.

(4) دکتر بهروز ثروتیان، مخزن الاسرار، ل ٧٤.

مەنسووری ماتریدیش دەڵێت: ((تەکوین سیفەتی هەشتەمە کە واتای دروستکردن و داهێنانی رووداوەکانیشە هەرکام لە کاتی خۆیا))[1].

مەحوی شاعیریش دەڵێت:

بەچی، بۆچ ئەم غرورو کیبرو نازە، دەبیە تۆزی خاك
بە ئەسڵ و فەسڵ ئەنازی؟ چۆڕە ئاوێك ئەسڵتەو ئەووەل[2]

ئەم دەقە بە هەمان شێوەی نیزامی دیالۆگێکی ناوەکی مرۆڤە، واتە مرۆڤەکان لە خۆتان وردبنەوە، چۆن و لە چی دروستکراون و بە شێوەیەکی سەرسامی دەیخاتەڕوو، بە واتا دواندنێکی زاتییە لە نێوان مرۆڤەکاندا لە ئاست و رووبەری عەقڵدا، واتە عەقڵ هەمان رۆڵی پێشەنگ دەبینێت وەك چۆن لای نیزامی بینیمان، هەر ئەمەشە تایبەتمەندی ئەهلی خاوەن حەقیقەتەکان، ئەمەش کرانەوەی رووبەرە هاوبەشەکانی تەواوی رایەڵەکانی ئەهلی حەقیقەتن لە بازنەی قەدەردا، ئەمەش شێوازێکی فەلسەفییانەی ئاوەزە لە تێرامانی خودەوە بەرەو تێرامانێکی بەرزتر کە تەجەلی زاتی ئیلاهییە کە لەم ئایەتەدا بەرجەستە دەبێت: ﴿فلينظر الانسان مِمَّ خلق؟ خلق من ماء دافق﴾[3].

لە نێوان ئەم دوو دەقەدا ئەوەمان بۆ دەسەلێت کە دەقە ئەدەبییەکان گێڕانەوەیەکی دووبارەبووەوە نیە، هەریەکەشیان لە دووتوێکانیاندا ماکی تایبەتمەندی خۆیان هەڵدەگرن، ئەمەش بونیاتێکی سیمیائییە کە وشەکان و دواتر رایەڵەکان و دەربڕینەکان لەخۆیاندا رێکدەخات، وەك ریفایکر دەڵێت: ((حاجة القارئ الى تجاوز عقبه المحاكاة))[4].

ئەمەش هۆشیارییەکی بێدەنگی دەقەکانە لە نێوان میکانیزمە جیاوازەکانی دەربڕینەوە بە تایبەتمەندی نەتەوەیی، واتە گواستنەوەیەکە لە تایبەتمەندییەوە بۆ گشتی، هەر ئەمەشە بونیادی تێڕوانینەکانی کریستیڤا لە دەقئاوێزاندا.

دەقێکیتر کە دەیکەینە رایەڵەی باسەکەمان سەبارەت بە دەربڕینی (أنا الحق) کە رایەڵێکی گرنگی ئەهلی حەقیقەتەکانەو نیزامی دەڵێت:

چون قدمت بانگ بر أبلق زند چز تو كه يارد كه انا الحق زند[1]

لێرەدا وشەسازی و بازی بەرجەستەی راستییەکانی دەقەکە دەکات هەروەك لە وشەی (ابلق)ەوە دەردەکەوێت و ماناکەی دوورەنگی دەدات، شاعیر لێرەدا درکەیەکی نزیك دەخاتەڕوو، کە شەوو رۆژەو سەرچاوەی درکەش ئەبلەقە، بنەڕەتی ئەبلەق بە ئەسپێکی رەش و سپی دەوترێ لە فارسیدا، ئەمە نیشاندانێکی واتایی توانایی وشەسازی شاعیرە کە بەڕوونی ئاماژەیە بۆ زاتی پاك، کە جگە لەو کێ هەیە لە توانایدا بێت (أنا الحق)

---

[1] عەقیدەی مرضية، ل ٢٣٨.

[2] دیوانی مەحوی ، ل ٢١٠.

[3] دیوانی مەحوی، ل ١٠.

[4] نظرية التناص، ل ١٥٧، هەروەها بڕوانە ل ٤٢ دەقئاوێزانی د. شنۆ محمد محمود.

[1] مخزن الاسرار، ل ٨٩.

جاڕبدات، بە واتا هەموو شتەکان لە خودی توانای ئەودا بەرجەستەو کۆدەکاتەوە، ئەمەش قەدەرەو چۆکدادانە لە بەرامبەر پەروەردگارداو بەمەش لە قەدەرو بانگەشەی قەدەردا لەگەڵ مەحوی یەکدەگرنەوە، مرۆڤەکان بە تەواوی لە هەموو ئیرادەیەك دادەماڵن و بەرگێکی ئەزەلی قەدەری پێدەپۆشن و لێرەوە رووبەری عەقڵ و تواناکان لە مرۆڤەکاندا هێندە بەرتەسك دەکەنەوە، وەك ئەوەی چارەنووسەکان لە مەڵاسدابن بۆ خەفەکردنی هەر ئیرادەیەك، تا مرۆڤەکان لە میکانیزمی جووڵەو بیر دابڕن.

د. ثروتیان دەڵێت: ((ابلق در معنی لغوی آن به معنی اسب سفید سیاه ایجاد معنی إیهامی، که دور از نظر شاعیر نبوده...)).

مەحویش دەڵێت:

أ- دەخاتە فکری ئەهلی مەعریفەت شێوەی جەجاڵ (الحق)

دەبینی بەعضە ئەشخاصێ بە دویا خەرگەلەی مەخلوق

هەروەها دەڵێتەوە:

ب- هەتا هەق ناصیرە، هەر حەقمە مەنظور

وەکو مەنصور ئەگەر بمکەن بە دارا[٢]

لە دەقی (أ)دا لای مەحوی جەجاڵ دەبێتە سونبولی فریودان و سەرلێشێوان، کە ئەم مۆتیفە لە ناخی دووڕوو ئیمانلاوازاندا بەرجەستە دەبێت، کاتێك دەکەونە بازنەی فریوخواردووەکان و لێرەشەوە خۆیان دەهاونە دەرەوەی بازنەی باوەڕداران، لاوازی و فریوخواردن خاڵی تێڕامانی شاعیرە لە بازنەی ئیماندا، لێرەوە گرێدانێکی مەعریفی دەکاتە چەقی فریوخواردن لە نێوان جەجاڵ و شێخەکان، بە واتا مۆتیفی فریودان لە بنەڕەتی نێوان جەجاڵ و شێخدا دەسووڕێتەوە، کاتێك شێخەکان خەڵك کۆدەکەنەوەو فریویان دەدەن لە رێبازێك لە رێبازەکاندا، ئەوا شێخ دەبێتە هاوشێوەی جەجاڵ مرۆڤەکان لە خشتەدەبەن، بەمەش مرۆڤە لاوازەکان دەکەونە داوی پشتکردنە خوا بە یەك زانین و لە ئیرادەو خواستی ئەزەلی خودناسین بێ بەش دەبێت، مەحوی لێرەدا قەدەر دووبارە لە بەرگێکی تردا دەخاتەڕوو کە قەدەری ئیلاهییە بۆ مرۆڤەکان و بریتییە لە خوڵقاندن و هێنانەی هەموو شتەکان لە کات و وادەی خۆیدا، مەحوی جەجاڵ لە درکەیەکی جواندا رووپۆشی شێخەکان دەکات لەم جیهانەدا هاوشێوەی جەجاڵی قیامەت لە یەك دۆخدا وێنادەکات و تەوەرەی سەرەکی مرۆڤەکان کە لە هەردوو شێوەکەدا دەکەونە نێوان بەرداشی دوو جەجاڵەوە، بەمەش باوەڕ دەبێتە ئەو هێزە کە بڕیار لە چارەنووسەکان دەدات، کە لە دوا رەهەندا باوەڕ خاڵی یەکلاکەرەوەیە لە نێوان فریوخواردن و وەستانەوەدا.

لە دەقی (ب)شدا هەقبێژی سەرچاوەی نەهامەتی و دەردەسەرییەکانی مرۆڤن، خود تەوەرەی جووڵەکانن لە دەرەنجام و بەدەستهێناندا، لە نێوان سزاو راستییەکاندا، ئیرادەی خود مۆتیفێکە لە نێوان قوربانی و بێدەنگیدا، بۆیە بنەما مرۆڤایەتییەکان لە ئاکاردا جەستەی سەدان حسینی مەنسووری کوڕی حەلاج دەهاڕێت، لێرەدا لە نێوان دەقی یەکەم و دووەمدا خود تەوەرەی سەرەکی هۆشیارییە کە مردن لە ئاستیدا دەسڵەمێتەوەو ناتوانن ئەو

(٢) دیوانی مەحوی، ل ٨٩و ١٨١، هەروەها سەیری لاپەڕەکانی ١٩و ٢٨-٥٤، ١٢٧ بکەن بۆ هەمان مەبەست کە لە کوێ ماناکاندا یەکدەگرنەوە.

خودە هۆشیارە بەرهەمهاتووە پاشەکشە پێبکەنو لە دوا دەرەنجامـدا ئـەو ئاکارە سـڕکردنو لەبـەینبردنی فریـودانو گێلییەکانی ناو کۆمەڵگان.

هەروەها گرێبەستێکی رۆحی نێوان پـەروەردگارو خـود لـە تـەوەری پابەندبوونـدا دەخاتـەڕوو، کـە ئەمـەش تێڕوانینێکی سۆفیانەی مەحوییەو دەلالاتێکی مایەپووچی ژیـان نیشان دەداتو دەیـەوێت تاکێـك بەرهـەمبهێنێت لە نێوان ئەرك و ئاكاردا، لـە نێـوان بـڕواو دەرەنجامـدا، بەمـەش یۆتۆبیـای هـەرەس هەمیشە تارماییـەکی بـەردەوام بەسـەر مەحویـدا دەکێشـێو دواتـر لـە بەرهەمەکانیـدا چـەکەرە دەکات، بەمـەش رووبـەرێك لـە نێـوان ململانێـی مـرۆڤو ژیانـدا دەخـەملێت، ئەمـەش نیشـاندانی شوناسـی هێـزی ئـەودیوی ململانێـی ژیـانو مرۆڤـە کـە لـە زاتـی ئیلاهیدا چەق دەبەستێ، بەمەش بازنەیەك لە پەیوەندی ژیـان – مرۆڤـ - قـەدەر لای مـەحوی دەبینـرێ لـەڕووی دەقئاوێزانەوە هەردوو دەقەکە دیالۆگێکی کراوەی مرۆڤەکانە لەگـەڵ هێزێکی شـوناس نادیاری ئـەوتۆ کـە تـەواوی پەیوەندییەکانی مرۆڤـ لـەژێر رکێفیـدا کۆکراوەتـەوە بـە جۆرێـك ئاکارەکان بـەردەوام هەوڵـدەدەن لـەژێر چـەتری ئەو هێزەدا لەنگەر بگرن، ئەمەش یۆتابیای دڵەڕاوکێی تەواوی سۆفییەکانە لە رێڕەوی ژیانیانـدا، لێـرەوە هـیچ کـام لەم دوو شاعیرە هێزی مەعریفی یا زەینیان بەرهەمێکی هونـەری داهێنەرانـە لـە دەرەوەی ئـەم رەوتـە نـاخوڵقێنن، چونکە تەوەرەی رایەڵەکانیان لە چوارچێوەی قەدەردا دەخەنـەڕوو کـە بازنـەی مـەعریفی ئـاینی رێگـەی پێـداوەو ناتوانن پێش ئـەوانی رابـووردوو بکـەون، بەمـەش دەقئـاوێزان مـەودای خـۆی وەردەگـرێ، هـەموو دەقـەکان هـەمان بابەتەکانی پێش خۆیـانو جوینـەوەی کۆی بۆچـوونە ئاینییـەکانن، بلوم لـەمبارەوە دەڵێـت: ((بـان الشعر والأدب بشكل عام يمكنه فقط ان يقلد النصوص السابقة))[1].

لێـرەوە دەقـەکان بەیەکـدا دەچـنو سـنوورەکان دەسـڕنەوەو هـەموو رایەڵـەکان ریشـەیان لەگـەڵ یەکـدا تێکـدەئاڵێنن، کـە دەقـەکان دەبنـە رەنگدانـەوەی یەکـدیو فـاتیر لـەمبارەوە دەڵێـت: ((دەقـی بەرهـەمهێنراو لـە ئەنجامی کۆکردنەوەی پەیوەندی دەقەکانی دیکە دروستبووە))[2].

بەخشین دەبێتە رایەڵێکی تری هاوبەش لە نێوان هەردوو شاعیردا، کە ئەم رایەڵـە دەبێتـە ناوەنـدی هـەموو راستییەکانو کۆکەرەوەی هەموو هێزەکان، نیزامی دەڵێت:

أز پی تست این همه امید و بییم　　　　هم تو ببخشای و ببخش ای کریم

لەڕووی مەعریفیو هـەم لـەڕووی کۆمەڵایەتیشـەوە هـەموو پـەنابردنێك خسـتنەڕووی هێڵێکی لاوازییـە لـە هێڵەکانی مرۆڤدا، لێرەدا پـەنابردن بـۆ پـەروەردگار ئاکارێکی ئـەزەلی مرۆڤەکانـە کـە دەبێتـە چـەقی چۆکدادانو بێتوانایی لە ئاست هێزێکی شوناسی درکاودا کە لـە وشـەی (کـریم)دا دەبینـرێ، دوو ئاسـتی دیـارو نادیـار لـە کـۆی هـەردوو بەیتەکـەدا ئاشـکرا دەبێـت بـە روانینـە وشـەکانی (بخشـایشو بخشـش)و بەسـتنەوەیەکی واتـایی بـەرز لـە هەردوو نیوە دێڕەکەدا نیشاندراوە کە لـەنگی واتـایی یـە کـتر تەواودەکـەن، بـە واتـا میتـافۆڕمی دەقەکـە گرێـدانی واتایی نێوان دوو بەیتەکە تەواو دەکات، وشەی (از پی تو) درکەیەکـە لـە ناسـینی هێزێکـی ناشوناسـدا کـە تـەواوی پەیوەندییەکانی مرۆڤ ئاراستە دەکات، (کریم) لە کۆتایی بـەیتی دووەمـدا تەمومـژەکان دەڕەوێنێتـەوەو بـەڕوونی

[1] نظرية التناص، ص ١٨٣.
[2] دەقئاوێزان، ل ٢٩.

هێزە یا دەسەڵاتە باڵاکە لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، د. بهرزو ثروتیان دەڵێت: ((از پی تو یعنی به خاطر تو بالکنایه به خاطر شناخت تو از سوی ما و به خاطر رضایتء خوشنودی تو از ما، برای رسیدن به تو)).

وشەگەلی (امید و بیم) گرێدانی دوو مۆتیفی دژ بەیەکن لە یەکەیەکی واتاداردا و مانایەکی مەجازی نیشاندەدات کە پەیوەست بە ئیرادەو هۆکارەوە دەبن، واتە بە عورفی سۆفییەکان (سببو مسبب) کە هەموو جەمسەرە دژ بەیەكو واتاییەکان لە کۆتاییدا دەچنەوە ژێر باری دەسەڵاتە درکاوەکە کە لە (کریم)دا کۆدەبێتەوە، لێرەدا راناو رۆڵی بەرامبەر دەگێڕێ لە یەکسانی ئیرادەو ئومێدو ترسدا، د. بهروز دەڵێتەوە: (( هم تو: پس تو، برابر تو، نیز بالکنایه فقط تو این همه امیدو بیم ما برای تواست، پس تو مارا ببخش))[1].

ئەندێشە فراوانیو وشەسازی نیزامی حاشاهەڵنەگرە، وشەکانی ترس – امید لە بیرۆکەیەکی بەرزدا دەخولقێنێو قەدەریەتی ئیمانی جەبری بەڕوونی دەخاتە بەردەست کە یەکێکە لە موسەلەماتی ئیمانو هەر هەمو بێتواناییو ترسو ئومێد لە هێزو شوناسی پەروەردگاردا کۆدەکاتەوە.

مەحوی شاعیریش لەمبارەوە دەڵێت:

تۆ نەبی مەلجەئی مـن بی (ابدا) نیمە مەلاز

لەو دەرە بێتو دەرم کەی، بە خودا نیمە مەلاز[2]

قەدەر شوناسی شیعری مەحوییە، لێرەدا تواناکان لە خود دادەبڕێتو کەسێکی گرفتاراویو بێتوانا لە خۆیدا کۆدەکاتەوە کە هەڵگری هیچ بونیاتێکی هێزی نییەو بێچارە چاوی دەبڕێتە خاڵێك کە هەم سەقامگیرو هەم پارێزەر دەبێت، لە ئاستی نەگوتراودا هێزێکی نەدرکاو دەخاتەڕوو، واتە مەلاز درکەیەکە کە مانا کۆتاییەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوەو دەبێتە مەعریفەو شوناس بۆ ئەو هێزە فریادڕەسە نەدرکاوە کە پەروەردگارە، دەر لە دەقەکەدا دەری ئەبەدییە کە مەبەست لە خودایەو ئەو دەرە نەبێت دەرەکانیتر بێسوودنو لە دەرەوەی خواستی فریادڕەسی ئەوان، لێرەدا رووبەڕێك لە ململانێ لە نێوان مرۆڤو ژیاندا، لە نێوان مرۆڤو ئاکاردا واڵادەبێت کە هەمیشەو بەردەوام مرۆڤەکان ئاکامیان لە شکستو بێئومێدییەکاندا دەبیننەوەو بۆ ئەوەی رووبەری کێشمانکێشەکانو هەوڵدانی بەردەوام شتێ لە چارەنووسەکان بگۆڕن، هەربۆیە رووبەری مەرگو ترس لە ئاکارە رەفتارییەکان چۆکدادانو پاڕانەوەیە لە ئەو هێزەی کە تارمایی لە زەینو هۆشدا دێوزمەیەو هەموو تومانا کا شلکوت دەکاتو ئەو تارماییە کۆتا مەنزڵگای ئارامیو بەخشینو سەرنانەوەیە.

لەڕووی دەقئاوێزانەوە لێکچوونێکی واتایی لە نێوان هەردوو دەقەکەدا دەبینرێ، هەروەها دەنگی هەردووکیشیان لە خوددا چەق نابەستێتو ئەو خودە بەرەو دەرەوەی سیاقی شیعری دەنێرێ، گفتوگۆیەكو دیالۆگێکی مەجازی لە ئاکارو رەفتاردا لە نێوان خود بە واتا بەندەو مرۆڤەکان لەگەڵ پەروەردگاردا دەخولقێنێ بەمەش دوالیزمی دەسەڵاتو لاوازی تێکەڵ دەبن لە پانتایی چارەنووسو خۆبەدەستەوەداندا، ئەمەش (جیرار جینیت) بە بەریەکداچوونی دەقەکان ناویان دەباتو لەم بارەوە دەڵێت: ((دەقئاوێزان بوونێکی هاوبەشی دوو دەق یاخود چەند دەقێك لە دەقێکی دیکەدا بەشێوەی ئامادەبوونێکی کارەکی))[1].

---

[1] مخزن الاسرار، ل ١١٣.

[2] دیوانی مەحوی، ل ١١٦.

[1] دەقئاوێزان، ل ٢٤.

لێرەوە دوو دەقی زمانو کولتوور جیاواز دیالۆگێك لە نێوان ئێستاو ئایندەدا دەخولقێننو ئەمەش لە دەقئاوێزاندا کۆدەبێتەوە، بە واتا ریشەی کۆن لە ئێستادا دەدۆزرێتەوەو بنەمایەکی هاوبەش بۆ خوێنەر دەڕەخسێنن تا فەرمانی خۆی لە سەریان بدات.

هەستکردن بە تاوانو خەجالەتی کێشان لە بەرامبەر پەروەردگاردا رایەلێکی تری نێوان حەقناسانە، نیزامی دەلێت:

دل ز کجا وین پروبال از کجا

من که وتعظیم جلال از کجا

.................

در صفتت گنگ فروماندەایم

من عرف الله فرو خوانده ایم

چونه خجلیم از سخن خام خویش

هم تو بیامرز به أ نعام خویش[٢]

مانا گشتییەکەی دەقەکە لەو فەرموودەیەدا چڕدەبێتەوە کە دەلێت: (من عرف الله کلَّ لسانه)) خودا شوناسان کەمدوونو لە زۆرگوتن خۆ بەدووردەردەگرن، ئەمەش خستنەڕووی خەسلەتێکی عارفانەیەو هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ دوو دۆخی تری سۆفییانە کە زمردەخەنەو فرمێسك رشتنەو هێمنانەو بێدەنگانە ئەنجام دەدرێت.

نیشانەیەکی بەرزی چوواندن نیشاندراوە کە لە بێدەنگی گروپی عارفاندا خراوەتەڕوو، وشەی (دڵ) جەسارەتەو بوێری، ئەمەش سیفەتێکی مەجازییەو هۆکاریشە، واتە (سببیت)ەتەو دەگەڕێتەوە بۆ گوڵ.

د. بهروز ثروتیان دەلێت: ((شاعیر تمثیلی زیبا می آفریندو می گوید گروهی کە خاموش هستند همانند گل دگمه بردهان دارندو آن را بستەاند)).[١]

بەمجۆە نیزامی دەریای کەرەمی ئیلاهی دەکاتە خالی لێخۆشبوونو لێبوردن، لێرەدا ترس لە سزا ئەم دەقەی بەرهەمهێناوەو شالاوی ئارەزووەکان لە دەسەلاتی جەلالدا ون دەبێتو خودی لە چوارچێوەی باوەڕدا هێشتووەتەوە، بەمەش کەسانی باوەڕدار لە هیوای بەخشین بێ بەش نابن.

مەحوی شاعیریش دەلێت:

هەتا ماوە دەبێ ئەشکی نەدامەت داوەرێنێ چاو

عەرەق ریتن نەبێ، شەخسی لە کاری خۆ خەجڵ چبکا[٢]

مەحوی بە زمانێکی کوردی بەرزو کارامە لە وشەسازیدا وێنەیەکی دەروونی مرۆڤەکان دەکێشێ لە ئاستێکی نزمدا، کاتێك ئاتاجی کارەکان ناچاری دەکەنو کارو دەرەنجام دەبنە دلەڕاوکێیەکی کشاوی دەروونی، ئەو دەمە مرۆڤ لە بازنەی خەجالەتیو شەرمەزاریدا خولدەخۆنو دۆخێکی دەرەوونی رووخاو لە نزمترین ئاستدا

---

[٢] شرح مخزن اسرار، ل ١١٦، هەروەها لەمبارەوە بڕوانە (مخزن الاسرار متن انتقادی علمی اقتصادی))، ل٤٢.

[١] شرح مخزن الاسرار ، ل ١١٦.

[٢] دیوانی مەحوی، ل ١٤.

دەردەکەوێ، مۆتیفی باڵا لە خوادا دەبینرێ ئاکاریش لە مرۆڤەکاندا دەردەکەن‌و رازیبوونی مرۆڤ لە خود چەندە رەهابێت، جەسارەتی بەدەستهێنانی خۆشنوودی ناکات، فرمێسک‌و هاوار دوو چەمکی بەدەستهێنانی بەزەیی‌و بەخشینن لە مرۆڤەکاندا، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێت: ((بەکارهێنانی وشەی ریتن لەباتی ڕشتن نیشانەیەکی باڵادەستی مەحوییە لە کوردی زانیندا)).

لێرەدا مەحوی بەرگێکی ئیرادەگەری دەپۆشێ کە لە زەین‌و مەعریفەی شاعیرەوە بە واتازانین‌و درککردنەوە بەدەستدێت کە سیفەتێکە دەیداتە خۆ بۆ بەدەستهێنانی چارەنووسێك کە بە کردارەوە بەندە، پوختەی ئەم سیفەتە سەرچاوەی کردارو نەکردنی ناپەسەندییەکانە، لێرەدا مەحوی لە بەحری مەعریفەی عیرفانیدا مەلەوانێکی زانایەو کۆبەندی دەقەکەی لە نێوان کردن‌و نەکردنی مومکین‌و موختاردا نیشاندەدات، کە تەنها خوای گەورە موختارە لە کردن‌و نەکردنداو تەواوی بەندەکان لە خانەی قودرەتدا کە سەرچاوەی کردن‌و نەکردنە خۆیان دەبیننەوە، ئەمەش تێڕوانینێکی سۆفییانەیەو مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لەمبارەیەوە دەڵێت: ((صفەتی قدرەت سەرچاوەی فعل‌و ئەرك لە هەموو مومکنێکی زاتیدا، وەهیچ شتێك نیە کردنی یا نەکردنی لەسەر خوا واجب بێت، بەڵکو خودای گەورە لە کردن‌و نەکردنی هەموو مومکینێکدا موختارە ئارەزووی بە دەستی خۆیەتی))[1].

لەڕووی دەقئاوێزانەوە هەردوو دەقەکە لە ریشەی یەکتردا هەن‌و دووبارە بەرهەمهێناوەیەکی ترە هەر یەك بە نەسەق‌و زمانی خۆی، دەقەکان ریشەیان لە مەعریفەی رێبازە سۆفیگەرییەکانەوە بەدەست دێنن هەریەکە بە ریتمی خۆی‌و چنین‌و ئەندێشەی سۆفییانەی خۆی، جولیا کریستیفا دەڵێت: ((یکون النص عبارة عن تعدیل للنصوص الأخرى أي تناص في فضاء نص معین))[2]. ئەمەش دەقئاوێزانێکی یەك لەدوای یەکن‌و بەرهەمهێنانەوەی یا دووبارەکردنەوەی بەرهەمێکە کە لە یەك سەرچاوەوە هەڵدەقوڵن.

جویا کریستیڤا زوو درکی بەم راستییە کردووەو وتوویەتی: ((دەق بریتییە لە تابلۆیەکی هەمەڕەنگ لە وەرگرتن‌و هەموو دەقێك لە دەقێکیتر دەخواتەوە))[3].

شەوی میعراجیش رایەڵێکی تری هاوبەشی نێوان (نیزامی – مەحوی)یەو هەردوولا بایەخی بەرچاویان بەم بابەتە داوە، نیزامی سەبارەت بە میعراج دەڵێت:

روز سپید آن نه شب داج بود　　　　بود شب أما شب معراج بود

دووبارە نیزامی دەڵێت:

گام به گام او چو تحرك نمود　　　　میل به میلش به تبرك ربود[4]

شەو پێش ڕەوی حەزرەتی (محمد) لە مزگەوتی حەرامەوە بۆ مزگەوتی ئەقسا، بە زاراوەی ئاینی معراج بەرزبوونەوەی حەزرەتی محمدە لە مزگەوتی حەرامەوە تا ژووری حەوت ئاسمانەکان، نیزامی دوو ئامانج لە شەودا دیاریدەکات، حەزرەت لە شەودا لەدایکبووەو لە شەویشدا معراج روویداو بە گیانێکی سۆفییانە شەو دەکاتە تەوەرو لە ئاستە گشتەکانیدا شەو بە یەکگەشتنی یارانە، دەربڕینی نیازەکانە، هەل‌و کاتی ناڵینە،

---

[1] عقیدەی مرضیە، ل ٢٠٠.

[2] نظریة التناص، ل ٥٥.

[3] دەقئاوێزان، ل ٣٧.

[4] شرح مخزن الاسرار، ل ١٤٧-١٤٩، هەروەها مخزن الاسرار، ل ٩٠.

هەمووان غەرقی خامۆشی خەون، دڵدار بێدارە ، لێرەدا هەموو واتا درکەییەکانی شەو لە بێداریو نزیکبوونەوە لە پەروەردگاردا چڕدەکاتەوە، لە معراجدا نیزامی شەو دەکاتە ڕۆژ، دووبارە پرتەوی روخساری حەزرەت بەر زەوی دەکەویێتو ڕۆشنی دەکاتەوە، ئەم نوورەی حەزرەتو درەوشاوەیی روخساری وەرگیراوی نووری تەجەلای خوداییە، کە ئەرزو ئاسمان ڕووناكو ڕۆشن دەکاتەوە ئەمەش بەڕوونی لە ئایەتی پیرۆزی ﴿وأشرقت الأرض بنور ربها﴾ ئەمەش ئاماژەیەکی دروستی ئیلاهییەو ڕۆشنبوونەوەی زەوی لە شەوی معراجدا وەك ڕووناکبوونەوەی زەوییە بە نووری ئیلاهی لە ڕۆژی قیامەتدا، مەولەوی تاوگۆزیش لەمبارەوە دەڵێت:

اشرقت الارض تەئویل دریاوە

ماءە حبةٍ تەفسیر کریاوە[1]

نیزامی هەروەها دەڵێت:

گوهر شب را به شب عنبرين گاو فلك برده ز گاو زمين[2]

گوهر شب درکەیەکە بۆ درەوشاوەییو نوورانی رووی حەزرەت، کە ئەو ڕۆشنییە تەجەلای نووری ئیلاهییە لە زاتی حەزرەتدا، هەروەها (شب عنبرين) ئاماژەیەکەو چواندنێکە بۆ بۆنخۆشی حەزرەت، بە بۆچوونی فارسەکان بۆنی عەنبەر لە جۆرێکی ماسیدایە (ماسی کاشالو) یا لە گای بەحریدا بەدەست دێت.

لە شەوی میعراجدا نێوان خوداو حەزرەت بە قەد ژێی کەوانێك دووربووەو لەو نزاو پاڕانەوەدا (فاح عليه ما فاح فوحا)، واتە بۆنو بەرامەی لوتفو نەوازشی خودایی بەسەر دڵو دەروونی حەزرەتدا دەڕێژێتو بۆنو بەرامەیەکە لە سەرووی وەسفەکانەوە، کە لێرەدا شب عنبرين چواندنێکە بۆ ئەو بۆنە خۆشەی کە لەو شەوەدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەمەش جەوهەری ناخێکی گڕگرتووی جۆشدراوی ڕێبازی عیرفانییە، کە پانتایی ئەو پیرۆزییە لە رووبەرێکی داخراودا کە زەوییە رووبەرێکی فراوانتر دەهەژێنێ کە ئاسمانە.

د. بهر وز ثروتيان دەڵێت: ((تا او از جای می جنبدو گام برمی داشت، چندين مرحله راه می پيمودو فلك مرحله به مرحله او را تبركا می گرفتو با خود می برد)).

هەروەها نیزامی سەبارەت به (سيدره) دەڵێت:

سدره نيشنان سوی او پر زنند عرش روان نيز همين در زنند[3]

پاش ئەوەی حەزرەت تا (سدرة المنتهى) لەگەڵ جوبرەئیلدا ڕۆشت، جوبرەئیل لێرەدا وەستاو هاڵاوی گەرمای سووتێنەری بارەگای ئیلاهی بەر رووی ئەو فریشتەیەی خودا کەوتو ئەو رستەی فەرموو ((لو دنوتُ قدر أنملة لاحترقت))[1] و کەوت بە زەویداو توانای ڕۆشتنی نەما، لێرەدا دەنگی هات الکۆوس بارەگای مەلەکووتی بەگوێی حەزرەتدا درا، ئەوەندە حەزرەت نزیکدەبێتەوە لە نێوان (مومکین) کە حەزرەتەو (واجب) کە خودایە

---

[1] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، عقیدەی مرضیە، پیاچوونەوەو داڕشتنەوەو پێشەکی فاتح عبدالکریم، بەغداد، ١٩٨٨، ل ٤٢٤.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٩-٤٢٠. چەندین بەیتی تر سەبارەت معراج هەن، ئێمە بۆ کورتکردنەوە ئەم چەند نموونە جیاوازەمان هەڵبژارد.

[3] مخزن الا سرار، ل ٧٩و ١٤٧، دەربارەی شەوی معراج بڕوانە لاپەڕەکانی (٣٧ — ٤٥ — ٥٣ — ٩١ — ١٤٤ — ١٤٥ — ١٥٠ — ١٥٣ — ١٦٨).

[1] عقیدەی مرضیە، ل ٤١٨.

کە بەقەد ژێی کەوانێك نێوانیان دەبێت، ئەمە چ پایەیەکەو لەو شەوەدا سێ جۆر وەحی دەدرێتە حەزرەت، یەکێکیان پێچ فەرزەی نوێژە، هەروەها دەڵێن پێغەمبەران و فریشتەکانیتر لە سیدرەدا چاوەڕێ و تامەزرۆی بینینی حەزرەت بوون و هەر ئەو شەوە ئیمامەتی نوێژی ئەوانی بەجێگەیاندووە.

د. بهروز دەڵێت: ((در کسی رازدن، تمنای دیدارو او رسیدن بە او را داشتن، کنایە بە اظهارو عجز نیاز کردن))[٢].

مەحوی شاعیریش دەڵێت:

شەو شەوی میعراجی شاهی ئەنبیا، وا دەبێ
بیپەرستن، بەڵکی سوجدەی بۆ ببا هەر ئانە رۆژ
شەو نەبوو، بەحری موحیطی عەنبەری بو، ناو شەو
بۆیە نیسبەت ئەو شەوە، خاکستەری گۆڵخانە رۆژ

وە یا دەڵێت:

هێندە صاحب سیڕڕە معراج و شەوی قەدرو بەرات
خاصەجاتی ئەون و، مومتازە بەم ئەسرارانە شەو

هەروەها دەڵێت:

بۆ ئەنبیا لە مەسجدی ئەقسا بوە ئیمام
نۆبەی عروجە ، یەعنی لە نۆ قوببە تێپەڕین[٣]

ئەگەر بەگشتی لەم دەقانەی مەحوی بڕوانین، ئەوا دووبارەبوونەوەی وێنەو ماناکانی نیزامین و هەردووکیشیان خستنەڕووی وێنەکانی قورئانی پیرۆزن، رووبەری بیرکردنەوەو ئەندێشەی مەحوی قەتیس ناکرێت و لێرەشدا جیهانبینی ئەو لە میعراجدا ئەزموونی کراوەیی ئاوەزی ئەون لەم مەیدانەدا، بەڵام دەلالاتی کۆی ماناکانی میعراج لەوە زیاتر چڕناکرێتەوەو بۆیە بەرهەمهێنانی دەلالاتیتر لە ئاستی دەربڕینی زمانیدا خۆی دەردەخات، چونکە هەر زمانێك فەرهەنگی وشەی تایبەت بە خۆی هەیە کە شاعیران لەم فەرهەنگەوە وشەکان هەڵدەگۆزن، ئەمەش خاڵی جیاوازی دەربڕینەکانە، هەربۆیە دەلالاتەکان سەرباەت بە شەو لە دەربڕینەکانی مەحویدا هەڵگۆزینی سێ پیرۆزی شەوە کە نیزامی ئەم دەلالاتانەی تێدا نابینرێ و ئەمەش خاڵ و جەوهەری فەرهەنگی وشەکانی ئەم و ئەون.

قەدر لە شەوە تاکەکانی کۆتایی مانگی رەمەزانەو قورئانی تێدا هاتۆتە خوارەوە، شەوی بەراتیش پانزەی کوڵەمانگی شەعبانەو میعراجیش عروجی حەزرەتە، جگە لەوەی حەزرەت لە شەودا هاتۆتە دنیاوە، لێرەوە مەحوی پیروزییەکی رەها دەبەخشێتە شەو بە جۆرێك پایەی رۆژی تێدا وندەکات، بەمەش نهێنییەکانی شەو دەبنە مۆتیڤێکی بەرزی دەربڕینی هونەری لە مەحویدا. سەبارەت بە سیدرەش مەحوی دەڵێت:

تا سیدرە جوبرەئیلە ئەمین، ئیکە رەفرەفە
خدمەتچی ئەم ئەمانەتە تا رەببی عالەمین[١]

---

[٢] مخزن الاسرار ، ل ٨٠.

[٣] دیوانی مەحوی، ل ١٤٠و ١٤١و ٢٥٩-٣٨١، هەروەها سەیری لاپەڕەکانی ٤٣٥-٤٣٧ بکەن.

سیدره درەختێکه لای راستی عەرشەوەو جوبرەئیل تا ئێره رێپێدراوه هاوڕێیەتی حەزرەت بکا، لێرەدا مەحوی وەسفێکی تری سیدره دەخاتەڕوو، ئاسمانەکان لە ستایش‌و حەمدی پەروەردگاردا دەنگیان دەدایەوە، سیدره پڕبووبوو لە فریشتەو پێغەمبەران، لێرەدا نیشانداێکی مەجازی بەرز لە خۆشەویستی‌و پایەبەرزی حەزرەتی محمد لای پەروەردگار دەخاتەڕوو، چەندە حەزرەت دەچووه پێشەوە، دەنگی زیاتر نزیك بەرەو بەرزتردەبووەوە، لە کۆتا جاردا وەك پێشتر وتمان بە ئەندازە ی ژێی کەوانێك ماوه لە نێوان مومکین‌و واجبدا، واتە پێغەمبەرو خودادا مایەوە، ئەمە چ مەقامێکە دراوه بە حەزرەت لە کاتێکدا جوبرەئیل لە سیدرەشدا شالاّوی نووری بارەگای ئیلاهی پێدەگات‌و لەهۆش خۆی دەچێت، مەحوی ئەو نووره لە حەزرەتدا دەردەخات‌و رەهەندەکانی مەزنی پەروەردگارو خۆشەویستی پێغەمبەر لەو وێنەدا نیشاندەدات.

لەڕووی دەقئاوێزانەوە هەردوو دەقەکە سستمێکی زمانەوانی کراوه لە فەرهەنگی وشەکانی هەردوو زمان دەخەنەڕوو کە سەرچاوەی هەردووکیشیان مە عریفە قورئانییەکەیەو دەقەکانیشیان دەقی ئاماژەیین‌و لەڕاستیدا ناچنە خانەی کاری هونەری بە واتا خولقاندنەوە، چونکە هەردوو دەقەکە لە بونیادێکی تاینی ئاماژەدەرەوە وەرگیراون لە دوو زەمەن‌و بە دوو زمانی جیاوازو جولیا کریستیڤا دەڵێت: ((دەق سستمێکی زمانەوانی داخراو نییە))[٢].

بەمجۆره رەگ‌و ریشەی مەعریفی لە تەوەرەیەکدا خولدەخوات‌و ناتوانێ توانا زەینییەکان دەستەبەر بکات لە رەهەندێکی داهێنارەدا. بارت دەڵێت: ((هەموو دەقێك دەقئاوێزانەو دەقەکانی دیکەی تێدا رەنگ دەوداتەوە))[١].

رایەڵەیەکی تری هاوبەش بە مژدەدانە بە هاتنی پێغەمبەری کۆتازەمان کە ئەمەش بابەتیکی قورئانیەو بە دەقی ئەدەبی جیاواز گوزارشتی لێکراوە، کە یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی شاعیرانی خواناس.

نیزامی دەڵێت:

تختهء اول که ألف نقش بست      بردر محجوبهء احمد نشست

وە یا:   زتست اولین نقش را سرگذشت      به تست آخرین صرف را باز گشت[٢]

نیزامی یاریکردن بە وشە دەگەیەنێتە ئاستێك کە ئاسان نییە لە رووبەرە گشتییە واتاییەکەیدا ماناکان دەربهێنی، ئەمەش بەڕوونی لە لێکدانی هەردوو بەیتەکە دەبێت وەك (اول که ألف) لەگەڵ (بر در محجوبه احمد) لێکدەدرێن کە بکەر لێرەدا بۆ (تخته اول) دەگەڕێتەوەو کردارەکەش لە (نشته)دا خۆی دەردەخات، بە گشتی لێرەدا ئەحمەد ناوی (پێغەمبەر)ە (د.خ) کە لە سوورەتی (الصف) ئایەتی (٦)ەوە وەرگیراوە کە دەفەرموێت (وإذا قال عیسى ابن مریم ... اني رسول الله الیکم مصدقا بین یدي من التوریة ومبشراً برسول یأتي من بعدی اسمه احمد)[٣]، دەریدەخات لە جیهانی دەنگەکاندا ئەلف سەرەتایە، ئەمەش پیرۆزییەکی ترە کە خوای گەورە بەخشیویەتە سەرداری موسوڵمانان، لە هەمان کاتدا ئاماژە بە فەرموودەیەك دەکات (کنت نبیاً وادم بین الماء

(١) دیوانی مه حوی، ل ٣٨١.

(٢) دەقئاوێزان، ل ٣٨.

(١) دەقئاوێزان، ل ٤٣.

(٢) مخزن الاسرار، ل ١٢١و ١٣٢.

(٣) قورئانی پیرۆز، سوورەتی الصف، ل ٥٥٣.

والطین) کە حەزرەتی ئادەمیش هەر سەرەتاکەی ئەلفە، د. بهروز لەم رووەوە ئاماژەیەکمان دەخاتە بەردەست: (محجوبەء احمد در حالی کە معنی احمد، از کلمە (احمد) رامی دهد در مبنی سپاس‌و شکر نیز در ذهن شاعر بودەاست کە اشارە بە شکرو سپاس نخشین آفریدە (الف) درنهایت شکرگزاری پیغمبر ما (احمد) (ص) کە اضافی ملکی است))[٤].

دەقێ کە بیکەینە نموونەیەکی تری نیزامی ئەم دەقەیە:

امی گویا بە زبان فصیح            از الف آدم‌و میم مسیح

لێرەدا ئاماژەیەکی روون بۆ ئەو ئایەتە دەبینرێ کە دەفەرموێ: ﴿فآمنوا بالله ورسوله الامی ... لعلکم تهتدون﴾.

نیزامی بە جوانی وەسفێکی بەرزو گشتگیر سەبارەت بە پێغەمبەر دەخاتەڕوو، کە خوێندەوار نەبووە، بەڵام جامع شاملەو هەموو زانست‌و زانیارییەکان شارەزایە.

هەروەها لەمبارەوە مەولەوی دەڵێت:

لەمە عەجیب تر موعجیزە مەشنەو

ئومی‌و عەللامە، هەتیو بە ئەدەو

موعجیزە ئەوەیە کە نەخوێندەواربووە،، بەڵام زانایەکی زۆر زانابووە، جگە لەوەی هەتیو بووە بە باشترین شێوە چاودێری ئاداب‌و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی دەکرد.

د. بهروز دەڵێت: ((آدم تامیم مسیح بە زبانی فصیح سخن گفتەو جامع جمیع علوم‌و عارف بە همەء أختبار کذشتگان از زمان حضرت آدم تا زمان حضرت عیسی بودە همە را در قرآن کریم ذکر فرمودەست)).

همچو الف راست بە عهدو وفا            اول وآخر شدە بر انبیا[١]

((در پیمان‌و دوستی‌و وفای بە عهد، چون الف راست است پیچ وخم نداردو پیمان شکنی وبی وفایی نمی کند بر همەء پیغمبران برتری داردو آخرین إیشان است)).[٢]

نیزامی هەموو سیفەتەکانی پێشەوای موسوڵمانانی لەم دەقانەدا نیشانداوە، کە ئەمەش بەهرەیەکی هونەرییە هەموو ئەو ناوو سیفەتانە چڕکاتەوەو وێنەیەکی ئەندێشمەندانە بخاتەڕوو..

مەحوی شاعیریش دەڵێت:

نەشئە بە خشێکە لێوی مەیگونت

هەر بە ناوی مەسیحی خستە سەما[٣]

---

[٤] عقیدەی مرضیە، ل ٣٦٧-٣٦٨.

[١] شرح مخزن الاسرار، ل ١٢٢ لەمبارەوە دەتوانی کۆمەڵێ دەقی تر ببینی لە ل ١٢٣ – ١٢٤ – ١٢٥ – ١٢٦ – ١٢٧ – ١٢٩دا.

[٢] قورئانی پیرۆز، سورەتی اعراف، ئایەتی ١٥٨، ل ١٧٠.

[٣] دیوانی مەحوی، ل ٣٢٥.

مەحویش وێنەیەکی قورئانیمان لە دەقێکی ئەبیدا دەخاتە بەردەست، کە وێنەکانی هەمان وێنە وەرگیراوەکانی نیزامین، لێرەدا مەزنی هاتنی پیغەمبەرو مژدەدانی لە ئینجیلدا حەزرەتی مەسیحی خستە سەمای شادی، کە لێرەدا ئاماژەیە بۆ هەمان ئایەتی پێشوو سوورەتی ئەعراف.

شکۆمەندی پێشەوا "محمد" (د.خ) چۆکی ئیمان بە حەرزەتی مەسیح دادەدات، ئەمەش ئاماژەیەکی رۆحی کڕنووشبردنی مەسیحە بۆ قسەکانیو مژدەکەی خودا سەبارەت بە هاتنی حەزرەت (د.خ)، چونکە مەسیحیش جەجاڵ لە ناودەباتو لەو کاتەدا حەزرەتی مەسیح بنەماکانی ئیسلام دەکاتە پەیڕەو.

ئەم ئاڵو گۆڕی دینە لە کارا بوە هەتا

دەوری یەکێ بە دینی ئەوە نەسخی جوملە دین

یەعنی پەیەمبەری عەرەبی، هاشمی نەسەب

ئەحمەد لە ئاسمانو، موحەمەد لە زەمین[1]

هاتنی ئاینەکان هەمیشە لە گۆڕانو بەردەوامبووندابووە تا هاتنی ئیسلامو پێغەمبەرەکەی (د.خ) کە ئەوانیتری سڕیوەتەوەو رۆڵیانی لەبەین بردووە، ئاماژەی ئەحمەد لە ئاسمان هەمان نیشاندانی ئایەتی پێشوووە کە لە وشەی (احمد)دا بەرجەستەبووەو لە ناو خەڵکیشدا بە (محمد) بانگ دەکرا.

لە بونیاتی دەقئاوێزاندا هەوردوو دەقەکە زمانی رۆشنبیریو سەرچاوەیان یەکەو بە واتا دەقێکی بەیەکداچوونو ئەگەر سەرچاوەی زمانی چنینەکەیان جیاواز نەبوایە، ئەستەمبوو خاوەنەکەیان دەستنیشان بکەیت، لێرەدا چنینەکان، واتە دەقەکان سەرچاوەی وەرگرتنەکەیان روونو دیارە، بەڵام هەردوولا ساتەکانی رابووردوو واتە ئاماژە ئاینییەکان لە ناخیاندا چەکەرەی کردووەو لەسەر بنەمای ئەو ناخە بونیاتێکی نوێ بە دوو زمانی جیاواز دەخوڵقێنن، بەمەش دەقئاوێزان دروستدەکەن لە بونیاتی دەقە تێکئاڵاوەکاندا.

ئەنجام:

ئەگەر بە گشتگیری سەیری دەقەکانی ئەم دوو شاعیرە زمان جیاوازە بکەین، ئەوا بێ شك لە ژینگە رۆشنبیریو کۆمەڵایەتییەکانیان دانابڕین، لە بنەڕەتدا هەردوو دەقەکە هەڵگری یەك بنەمای هاوبەشن، یا خاوەنی یەك تێڕوانینی ئایدۆلۆجین، کە لە کرۆکی ئایندا کۆکراونەتەوەو وردتریش هەردوولا تێڕوانینێکی سۆفییانەو عارفانە دەخەنەڕوو، بۆیە تێڕوانینی گشتیش بۆ بەرهەمەکانی ئەم دوو شاعیرە دەبنە جەوهەری سەرەکی لە تێڕوانینەکەدا، کە ئەویش بەرجەستەکردنو بەرهەمهێنانەوەی بابەتە ئاینییەکانە لە دوو قاڵبی جیاوازدا. دەقەکان ئەزموونو بەرهەمهێنانو هەر ئەمەشە دۆخێکی دەقئاوێزانی دەخوڵقێنێو دوو دەنگی جیاواز لە یەك بابەتدا پێشکەش دەکەن.

بەپێی رایەڵە هاوبەشەکانی یەك بابەتی هەردوولا ئامانجێکمان بەدەستهێنا، کە دواتر دەرەنجامە ناوەرۆك هاوبەشەکانمان تێدا خستەڕوو، هەردوولا بەجەرستەی بونیاتە تاینییەکان بە گشتی دەکەنو ئەزموونو دەرەنجامی بونیاتەکە دیالۆگێکی کراوە لە نێوان کۆمەڵو باوەڕدا بەرهەم دێننو بە نەسەقێکی لۆجیکی بابەتەکان بەرەو دوا ئاکار دەبەن، کە لە پەروەردگارو پێغمەبەرەکەیدا (د.خ) چڕی دەکەونەوە، لێرەوە هێڵێکی

[1] دیوانی مەحوی، ل ٣٧٩، هەروەها بڕوانە ل ١٣و ٤١١ لەمبارەوە.

جیاکەرەوە لە نێوان باوەڕو بونیاتدا دەکێشن، بە مەش بەرهەمەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵدا بۆ زەمەنە دوورە داهاتووەکان والادەکەن‌و هەردوولاش بونیاتێکی کۆمەڵایەتی دەقئاوێزان بەرهەم دێنن‌و جەدەلێکی ئەزەلی کراوە بۆ هەموو زەمەنەکان جێدەهێڵن لە رەهەندو بیری ئاینیدا پێشکەشی دەکەن، هەر ئەمەش دیالۆگە کراوە نەبڕاوەکەی نێوان ژیان‌و ئیمانە، چونکە بەرهەمەکان لە نێو کۆمەڵگاداو بەو دیالۆگە هەمیشە دەبنە سەرچاوەی کێشەو ململانێ، لە نێوان بونیاتی باوەڕو باوەڕنەبووندا، ئەمەش دروستی پێکهێنانی دەقئاوێزانییە لە نێوان ئەدەبە جیاوازەکاندا، لە چوارچێوەی دەقئاوێزاندا پێویستە پشت بکەینە ئەو بەرهەمانەی کە خاوەن یەك ماناو لێکدانەوەن، چونکە لێرەدا تەواوی دەقەکان لە کردەیەکی رۆشنبیری تێکئالاودان لە تەواوی رووەکانەوە بە گشتی‌و لایەنی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی، هەر ئەمەشە ئێمە هەوڵی بەدەستهێنانیمان داوە لە چوارچێوەی باسەکانماندا بۆ بەیەکگەیاندنی دیالۆگی نێوان هەردوو دەقەکە لە رێڕەوی تێکەڵبوونی زمان‌و رۆشنبیرییە جیاوازەکاندا کە ئەمەش بنەمای دەقئاوێزانەکانن.


سەرچاوەکان:

کوردی:

١- شنۆ محەمەد مەحمود، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا، بە نموونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی بینایی، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٢.

٢- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دیوانی مەحوی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس‌و محمدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفسێتی حسام، بەغداد، ١٩٨٤.

٣- سید عبدالرحیمی مەولەوی، عەقیدەی مرضیە، شەرح‌و لێکانەوەی مەلا عەبدولکەریمی موردەڕیس، پێداچوونەوەو دارشتنەوەو پێشەکی‌و پەراوێز بۆنووسینی فاتح عبدالکریم، بەغداد، ١٩٨٨.

٤- سید عبدالرحیمی مەولەوی، زوبدەی عقیدە، ئامادەکردن‌و هێنانەوە سەر رێنووسی نوێ، حەمە ساڵح حاجی مەلا موحەمەدی گەلاڵە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ٢٠٠٠.

فارسی:

١- د. بهروز ثروتیان، مخزن الاسرار، متن علمی‌و انتقادی از روی ١٤ نسخه خطي، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم، چاپخانه سپهر، تهران، ١٣٨٦.

٢- د. بهروز ثروتیان، گزیده مخزن الاسرار، با مقدمه‌و شرح ابیات، د. بهروز ثروتیان، انتشارات توس، چاپ دوم، چاپ حیدری، تهران، ١٣٧٩.

٣- د. بهروز ثروتیان، مخزن الاسرار، دفتر اول، ناشر مهتاب، چاپ اول، چاپ مرجان بنی اسد، تهران، ١٣٨٩.

٤- د. بهروز ثروتیان، مخزن الاسرار، دفتر دوم، پندنامه، ناشر مهتاب، چاپ اول، چاپخانه مرجان بنی اسد، تهران، ١٣٨٩.

٥- د. بهروز ثروتیان، لیلی‌و مجنون، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم، چاپخانه سپهر، تهران، ١٣٩١.

٦- د. بهروز ثروتیان، هفت پیکر، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم، چاپخانه سپهر، تهران، ١٣٩١.

٧- د. بهروز ثروتيان، اقبال نامه، چاپ سوم، مؤسسه انتشارات امير كبير، چاپخانه سپهر، تهران، ١٣٩١.

٨- د. بهروز ثروتيان، شرفنامه ، مؤسسه انتشارات امير كبير، چاپ دوم، چاپخانه سپهر، تهران، ١٣٩٣.

٩- د.. حسين عبدالحسين زرين كوب، انتشارات سخن، چاپ هشتم، چاپ مهارت تهران، ١٣٧٢.

١٠- حسن وحيد دستگردى، ..........و شيرين، چاپ اول، تهران، ١٣٨١.

عەرەبی:

١- القرآن الكريم.

٢- گراهام الان، نظرية التناص، ترجمة د. باسل المسالمة، الطبعة الأولى، دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر، دمشق، ٢٠١١.

٣- سكوت جيمس، الأدب المقارن، ترجمة هاشم الهنداوي، مراجعة د. عزيز المطلبي، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٦.

٤- كلود بيشوا، اندريه ميشيل، روسو، الأدب المقارن، ترجمه وعلق عليها الدكتور رجاء عبدالمنعم جبر، مكتبة دار العروبة، الكويت، ١٩٨٠.

## الاستنتاج

لو أ معنا النظر الى نصوص هذين الشاعرين المختلفين من حيث اللغة، بصورة عامة، لوجدنا انهما لا ينقطعان عن بيئتهما الثقافية والاجماعية.

النصان ليدهما بنية مشتركة، او بمعنى آخر لديهما نظرة آيدلولوجية واحدة، اجتمعا في مضمون الدين، يعبران عن توجه صوفي وعرفانى، من اجل ذلك تكون النظر الى جوهر الاساس لنتاجات هذين الشاعرين من أجل تجسيد وخلق مواضيع دينية في قالبين مختلفين.

وتعد النصوص تجربة ابداعية هي التي تخلق تناصاً متزامنة مع تقديم صوتين مختلفين في نص واحد.

ووفق النقاط المشتركة بين النصين عرضنا النتائج المستخلصة حيث يجسدان البنيات الدينية بصورة عامة مع بيان التجربة ونتائج البنية التي تخلق حواراً بين المجتمع و العقيدة وبتنسيق منطقي تتجه الموضوعات صوب هدف المرام، التي تتمحور في الذات الإلهية والرسول (ص)، ومن هنا يرسمون حداً فاصلاً بين العقيدة والبنية من خلال محيط المجتمع والأزمنة الآتية وبالتالي ينتجان بنية اجتماعية تناصية ويتركان جدلاً ازلياً مفتوحا للأزمنة.

بالاضافة الى عرض الفكر الديني، وفي نفس الوقت هو الحوار المفتوح الأزلي بين الحياة والإيمان، لأن النتاجات في داخل المجتمع عبر حوار يصبح مصدراً للصراع والخلاف بين بنية الايمان وعدم الايمان.

وضمن التناص، يجب ان نترك النتاجات التي تحمل معنى وتفسيراً واحداً، لأن جميع النصوص تتعانق في العملية الثقافلية من جميع النواحي بصورة عامة والناحية الاجتماعية بصورة خاصة.

وهذا الذي حفّزنا لتوصيل الحوار بين النصين من خلال مسار إمتزاج اللغة والثقافات المختلفة، والذي يعد البنية الاساسية للتناص.

## Result

If we take a look at the written of these potes in all we can find certinely the similarity between them according to culture and sociaty even they are different in language. Continuouly they have the same elements of writing, thinking of the core of religon which is found in mistic writing. If we study all the production of these two poets we'll find the same source and spirit of writing which is found in religon writing and they have similar writing within different sound of writing which they have offered.

According to the similarity of goal of writing we can conclusion that they have the same religon building and experence which is related to shar the same idea of the dialogue between sociaty and belive which is unclosed dialogue among the cociaty. This lead us that their subject with in God and Profit, it is more amore talk about. Here we find different line between their belives and sociaty farm for the future which is open among the sociaty. They produce a building on endless talking among sociaty for different elements on religon which make endless dialogue between life and believe, because their writings and productions make the basic problem for sociaty among belivers and unbelivers, then this is the truth of different structures of letriture of writing. We mus'nt ignore the producing of writing which is writter by those whom they wrote texts that have one meaning which is written by those texts that have one meaning and explaining, because here all texts which mixed between culture and sociaty. This is we tries to gain this according to our writing is the dialogue between the both texts which is mixed different languages and cultures that is the basic of mixed texts.